دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥١٢

www. kurdistanukurd.com

شەممە ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٨٨ ـ ٢٠ی ژوئەن ٢٠٠٩ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



**ڕاپەڕینی خەڵك بۆ دیفاع لە دەنگەكانیان و وەدەستهێنانی ئاما نجەكانیان**

سیاسی




**كودیتا لە دژی ئاكامەكانی هەڵبژاردنی سەركۆماری لە ئێران دا**

كوردستانی



**كاریگەریی باڵی چەكداری لە سەربزاڤی شوناسخوازنەی باكووری كوردستان**

كۆمەڵایەتی



**پەنابەرێتی، دیاردەیەكی جیهانی**

## كومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستان:

# پشتیوانی لە بەرەنگاربوونەوەی كۆمەڵانی خەڵكی ئێران، ئەركێكی هەنووكەیی‌یە

## بەیاننامە

**ئۆگرانو لایەنگرانی دێمۆكراسیو مافی مرۆڤ!**

**هاونیشتمانە ئازادیخوازەكان!**

**خەڵكی خەباتگێڕی كوردستان!**

**تێكۆشەران! ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان!**

لە هەلومەرجێك دا كە بەرەنگاربوونەوەی خەڵكی ڕاپەڕیوی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتدارانی كودیتاچی، سەرانسەری ئێرانی داگرتوەو، زانستگەكان، شەقامەكانو مەیدانەكانی شارە گەورەكانی ئێران بوون بە مەیدانی ناڕەزایەتی دەربڕینو خۆپیشاندانی بەرینی توێژە جۆراوجۆرەكانی خەڵكی وڵاتەكەمان،

لە كاتێك دا میلیۆنان كەس لە خەڵكی داواكاری گۆڕانو، بێزار لە دیكتاتۆریو سەرەڕۆیی هاتوونەتە سەر شەقامەكانو، ئاپۆرای ئەوان دەكەوێتە بەر دەسڕێژی هێزەكانی ئینتیزامی، بەسیج، ئەنسار، لیباس شەخسی و پۆلیسی تایبەت، ڕۆژ نیە ژمارەیەك لە خوێندكارانو لاوانی ئازادیخواز، شەهید نەكرێنو نەرفێندرێن،

لە بارودۆخێك دا كە دەسەڵاتبەدەستانی كۆنەپارێزو پاوانخواز هەموو هێزێكی خۆیان بۆ سەرخستنی كودیتاكەیان لە دژی ئاكامەكانی هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان وەكارخستوە، میدیاكانیان داوەتە بەر پەلامارو، كەسایەتییە سیاسیو فەرهەنگی‌یەكان، ڕێبەرانی حەرەكەتە مەدەنییەكان، تێكۆشەرانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان پۆل پۆل ڕەوانەی زیندان دەكەن،

لەم ئانوساتەدا كە خەباتی هێمنانەی خەڵكی ئێران بۆ پاشەكشە بە دیكتاتۆریو سەرەڕۆیی، پێویستی بە پشتیوانیی هەموو هێزو لایەنو تاكێكی دێموكراتو ئازادیخوازی ئۆپۆزیسیۆنو، ڕاكێشانی هاوپێوەندیی جیهانییان لەگەڵ ئەم خەباتە هەیە،

كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەكانی ئێران لە دوای هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردانو، بۆ تاوتوێكردنی ئەركەكانی حیزب لەم هەلومەرجەدا ، ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردان كۆبۆوە. لەم كۆبوونەوەیەدا كە جگە لە ئەندامانی ئەسڵیو جێگری كومیتەی ناوەندی لە كوردستان، ژمارەیەكیش لە تێكۆشەرانی بە ئەزموونی حیزب بەشدار بوون، بەرەنگاربوونەوەی بەرینی كۆمەڵانی خەڵكی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتبەدەستانی كۆنەپارێزو پاوانخواز لە ڕەوتی هەڵبژاردنی سەر كۆماری دا، بەتایبەتی لە دوای كودیتای قۆڵی پاوانخوازی ڕێژیم لە دژی ئاكامەكانی هەڵبژاردن، كەوتە بەر باس.

٢

## كەمپەین بۆ چالاك كردنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوكتور قاسملووو هاوڕێیانی



بۆ یەكەم جار، لە بیستەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبەری ناوداری كوردو سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان، دوكتور عەبدوالڕەحمان قاسملوودا كەمپەینێكی بەربڵاو بەرەو ڕووی كاربەدەستان و دامودەزگا پێوەندیدارەكانی دەوڵەتی ئۆتریش بە مەبەستی چالاككردنەوەی پەروەندی ئەو جینایەتە كەم وێنەیە وەڕێ دەخرێ.

كەمپەینەكە بە ئیبتكاری حیزبی دێموكراتی كوردستان وەڕێ خراوە و پشتیوانیی ژمارەیەك لە دۆستانی دوكتور قاسملووو كەسایەتیی ناسراوی ئورووپایی لەسەرە كە لە نێو واندا ئینگوار كارلسۆن سەرۆك وەزیری پێشووی سوئێد، دوكتور بێرنارد گرانژۆن سەرۆكی ئیفتخاریی ڕێكخراوی پزیشكانی جیهان، جێرێمی كوربین ئەندامی پارلمانی ئینگلستان، كۆنی فرێدریكسۆن سەرۆكی پێشووی گرووپی كاری كوردان لە ئەنترناسیۆناڵ سوسیالیست، كارۆل پرۆنهووبێر ڕۆژنامەوانی وینزۆئیلایی و چەندین شەخسییەتی ناسراوی كوردو ئێرانی دەبینرێن.

لە مەتنی كەمپەینەكەدا وێڕای پێداگری لەسەر پێویستیی قەرەبوو كردنەوەی قەزایی ئەو غەدرەی كاتی خۆی بەمجۆرە لە گەلی كورد كرا، ئاماژە بەو فاكتە كراوە كە ئاشكرا بوونی بەڵگەی تازە سەبارەت بەو تیرۆرە، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ دەست تێدابوونی مەحموودی ئەحمەدی نژاددا لەباری حقووقییەوە چالاك كردنەوەی ئەو پەروەندەیە بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی عادڵانەی پاساو دەدا.



## بە دوای هەڕەشەكانی خامنەیی، ناڕەزایەتییەكان لە ئاستێكی بەربڵاودا بەردەوامن

بەدوای قسەكانی عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە نوێژی هەینی تاراندا كە داوای كۆتایی هاتن بە خۆپیشاندانەكانی كردو هەڕەشەی لە بەڕێوەبەران و هاندەرانی ئەو ناڕەزایەتییانە كرد كە لە ئەگەری درێژەكێشانی، لە هەر ڕووداوێكدا بەرپرسیارن، ناڕەزایەتییەكان لە ئاستێكی بەربڵاودا بەردەوامن.

شەوی هەینی خەڵكی زۆربەی گەڕەكەكانی تاران لە سەربانی ماڵەكانیانەوە دروشمیان دژی حكوومەت داو هێزەكانی ڕێژیمیش بە كووچەو كۆڵانەكاندا دەگەڕان و ژمارەیەكی زۆریان لە لاوان دەسبەسەر كرد. شەوی هەینی خەڵكی تاران جیا لە دروشمی "الله اكبر" هی‌ندێك درووشمی تازە وەكوو "دەوڵەت جینایەت دەكاو ڕێبەر پشتیوانی لی‌ دەكا"یان دەگووتەوە .

هەروەها ڕۆژی شەممە ٣٠ی جۆزەردان لە چەندین شەقام و مەیدانی شاری تاران بە هەزاران كەس دژی ڕێژیم خۆپیشاندانیان كرد. خۆپیشاندانی ڕۆژی شەممەی خەڵكی تاران لە مەیدانەكانی ئازادی، ئینقلاب، فیردەوسی و وەلیعەسر لە كاتێكدا بەڕێوەچوو كە شاری تاران لە گەماڕۆی هێزە ئەمنییەتیی و ئینتزامییەكان و هەروەها هێزە لیباس شەخسییەكان و سپای پاسداراندا بوو. ئەو هێزانە لە مەیدانەكانی ئینقلاب و ئازادی تەقەیان لە خۆپیشاندەران كردوەو بە دەیان كەسیشیان دەسبەسەر كردوە.

شایانی باسە لە دوای هەڵبژاردنی سەركۆماری لە ٢٢ی جۆزەردانەوە، ئێران گەورەترین خۆپیشاندانی ناڕەزایەتیی لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بە خۆیەوە دەبینی‌. ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی جۆزەردان سەدان هەزار كەس لە مەیدانی ئازادی دژی دەستوەردان لە ئاكامی هەڵبژاردنەكان خۆپیشاندانیان كرد كە میرحوسێن مووسەوی لەو خۆپیشاندانەدا ڕایگەیاند كە ئامادەیە هەموو نرخێك بداو داوای كرد تا سەركەوتن درێژە بە خۆپیشاندانەكان بە شێوەیەكی هێمنانە بدەن. هەروەها ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ی جۆزەردان خۆپیشاندانێك بەڕێوەچوو كە ناوەندەكەی مەیدانی تۆپخانە بوو. دەوترێ لەو خۆپیشاندانەدا نزیك بە ٢ میلیۆن كەس بەشدار بوون.

هەر لەو ماوەیەدا لە شارەكانی ئیسفەهان، شیراز، تەورێز، مەشهەد، ڕەشت، ورمێ و كرماشان خۆپیشاندان كراوە و تا ئامادەكردنی ئەم هەواڵە بارودۆخی ئەو شارانە نائارامە.

لە ناڕەزایەتییەكانی حەوتووی ڕابردوودا نزیك بە ٢٠ كەس كوژراون و بە سەدان كەسیش بریندار بوون. لە نێو كوژراوەكان¬دا ٧ كەسیان خوێندكار بوون

## ئۆباما: جیهان، ئێرانی گرتۆتە ژێر چاوەدێری



باراك ئۆباما، سەرۆك كۆماری ئەمریكا ڕۆژی شەممە ٣٠ی جۆزەردان داوای لە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران كرد هەموو كردەوەیەكی توندوتیژ و نادادپەروەرانە لە دژی خەڵك بوەستێنن. ئۆباما گوتی دەبێ مافە جیهانییەكان لە بارەی كۆبوونەوە و دەربڕینی بیروڕا ڕێزیان لی‌بگیرێ. ئەمریكا پشتیوانی لەوانە دەكا كە داواكاری ئازادیین.

سەركۆماری ئەمریكا هەروەها وتی ئەوەی لە دوا بڕیاردا لە سەرهەنگاوەكانی حكوومەت داوەری دەكا، خەڵكی ئێرانن. ئەگەر حكوومەتی ئێران دەیەوێ كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ڕێزی لی‌بگرێ دەبێ ڕێز لە خەڵكی خۆی بگرێ و بە پێی ڕەزامەندیی ئەوان حكوومەت بكا نەك بە هەڕەشە. ئۆباما ئەوە سێهەمین جارە لە ماوەی یەك حەوتووی ڕابردوودا باسی ڕووداوەكانی ئێران دەكا. پێشتریش گوتبووی حكوومەتی ئێران دەبێ تی‌بگا كە جیهان ئێرانی گرتۆتە ژێر چاوەدێری. ئێمە بۆ هەر بی‌تاوانێك كە گیانی خۆی لە دەست بدا، ماتەمبار دەبین.

**ڕادیۆ فەردا**

## خەڵكی نارازی وەڵامی خامنەیی نادەنەوە



سەرەڕای هەڕەشەكانی ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردانی خامنەیی و هێزە سەركوتكەرەكان، خەڵكی تووڕە لە كودی‌تای خامنەیی و قۆڵی پاوانخواز و كۆنەپارێز، دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٣٠ جۆزەردان هاتنە شەقامەكانی تاران و بەرەو مەیدانی ئازادی وەڕێ كەوتن. دروشمەكانی ئەوان ئەمجارە ڕاستەوخۆ ڕوویان لە خامنەیی ڕێبەری كودیتاچییەكان بوو. هێزە سەركوتكەرەكانی كۆماری ئیسلامی بە دڕندانەترین شێوە پەلاماریان بردە سەر خۆپیشاندەران. چەندین كەسیان بە توندی بریندار كرد، ژمارەیەكیان لێ كوشتن و بە سەدان كەسیان دەستگیر كرد.

میرحوسێن مووسەوی، لە نێو ئاپۆرای خوپیشاندەران دا ئامادە بوو و داوای كرد لە سەر ڕێپێوان و ناڕەزایەتی دەربڕین بەردەوام بن. مووسەوی لە تازەترین بەیاننامەی خۆی دا، لە سەر هەڵوەشانەوەی ئاكامەكانی هەڵبژاردن و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی دووبارە پێی داگرتەوە. پەلاماری خوێناویی هێزە حكوومەتییەكان بۆ سەر خەڵك لە ڕێپێوانی ڕۆژی شەممەدا، شەپۆلێكی گەورە لە تووڕەیی و نارەزایی لە نێو خەڵكی ئێران و بیرو ڕای گشتیی دنیادا وەڕێ خستوە.

دریژەی ١

# بەیاننامە

## پشتیوانی لە بەرەنگار بوونەوەی کۆمەلانی خەلکی ئێران ئەرکێکی هەنووکەیی‌یە

بەشدارانی کۆبوونەوە، کەلك وەرگرتنی خەلکی کوردستان‌و ئێران لە دەرفەتی هەلبژاردن بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانیان‌و، "نا" گوتنەوە بە دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی‌و، شکستدانی کاندیدای قۆلی پاوانخوازیان بە نیشانەی وریایی‌و تێگەیشتوویی ئەو خەلکەو، شێلگیربوونی ئەوان لەسەر داوای گۆڕان دانا. لەو پێوەندییەدا بەرێزو پێزانینەوە ئاوڕیان لە هەوڵ‌و تێکۆشانی چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی‌و پێشوازیی بەرینی کۆمەلانی خەلك لەو دەرفەتە دایەوە. کۆمیتەی ناوەندی، هەلوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی هەلبژاردنی سەرکۆماریی بە هەلوێستێکی دروست زانی‌و، وێڕای تەئییدی نێوەرۆکی بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لەبارەی ڕاپەڕینی خەلك بۆ دیفاع لە دەنگەکانیان‌و وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەلّ ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەدا دەستنیشان کرد. کۆمیتەی ناوەندی، ڕاپەڕینی خەلکی ئێران بۆ داکۆکی لە دەنگەکانیان بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران زانی‌و، پشتیوانی لەم بەرەنگاربوونەوەیەی بە ئەرکێکی هەنووکەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و هەموو هێزێکی خەباتگێڕو بەرپرس دانا.

کۆمیتەی ناوەندی لە پێوەندی لەگەلّ ئەرکی خەلکی کوردستان لەم قۆناغەدا، وێڕای ڕێزگرتن لە خەباتی پڕ لە قوربانیدانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، هاتنە مەیدانی خەلك لە کوردستان و سەرانسەری ئێرانی بە دەرفەتێکی دیکە بۆ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان زانی. لەم پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، داوای لە خەلکی تێکۆشەری کوردستان کرد بە وردی و وشیارییەوە ئالوگۆڕەکان بخەنە ژێر چاوەدێری‌و، شانبەشانی پاراستنی هاوپێوەندی لەگەلّ خەلکی سەرانسەری ئێران، لە هەموو ڕێگەیەکی مومکینەوە، هەولّی بەرەو پێشبردنی خەباتی ئازادیخوازی بدەن. هەم دژ بە سیاسەت‌و پیلانەکانی کودیتاچییەکان بۆ تێکشکاندنی بەرەنگاریی خۆیان و خەلکی ئێران بوەستن، هەم لەسەر ویست‌و داخوازەکانیان کە لە ڕەوتی هەلبژاردن دا هێنابوویاننە گۆڕێ، پێدا بگرن.

کۆمیتەی ناوەندی ڕیزە ئەرکێکی بەپەلەشی خستە سەر شانی دەفتەری سیاسی، ڕێبەریی حیزب‌و سەرجەم حیزبی دێموکراتی کوردستان. کار لەپێناوی پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێوان حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان‌و، بەڕێخستنی پشتیوانییەکی کاریگەر لە خەباتی خەلك لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێران، یەك لەو ئەرکانەیە. کۆمیتەی ناوەندی هەروەها یەکیەتی‌و هاوکاریی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری‌و هاوپێوەندی لەگەلّ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆو بزووتنەوەی سەراسەریی بە ئەرکێکی هەنووکەیی دانا. بە باوەڕی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێویستە حیزبی ئێمەو هەموو حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان‌و ئێران، پێکەوەو بەجیا کار بۆ گەیاندنی دەنگی خەلکی ئێران بە جیهانییەکان‌و ڕاکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە خەباتی ئەوان بکەن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەلوەشاندنەوەی ئاکامە ڕاگەیەندراوەکانی هەلبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان‌و، بەڕێوەچوونی هەلبژاردنێکی دیکە لە ژێر چاوەدێریی نێونەتەوەیی دا کە بووە بەیەکێك لە دروشم‌و ئامانجە ئەسلّییەکانی خۆپێشاندان‌و نارەزایەتییەکانی ئێستای خەلکی ئێران، بە ئامانجێکی ڕەواو داوایەکی بەرحەق زانی و، پشتیوانیی لەدروشم و داواکانی دیکەی ئەوان بۆ وێنە نەمانی دیکتاتۆری و ئازادیی بەندییە سیاسییەکان کرد. بەدیهاتنی ئەم داخوازانە، هەم بەردەوامیی خەلکی کودێتا لێکراو لەسەر ڕێپێوان، خۆپێشاندان‌و حەرەکاتی ئیعترازیی هێمنانەی پێویستە، هەم پشتیوانیی نێونەتەوەیی. لە ڕوانگەی ڕێزگرتن لە خەباتی مەدەنی‌و دەنگی خەلك و پرەنسپ و ڕێوشوێنە نێونەتەوەییە دنیا پەسندەکانەوە، لەسەر دەولەتانی جیهان‌و کۆڕو کۆمەلە نێونەتەوەییەکان پێویستە، ئاکامە ڕاگەیەندراوەکانی ئەو هەلبژاردنە قبوولّ نەکەن‌و مەحموودی ئەحمەدی نەژاد بەسەرکۆمار نەناسن.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەر لەو کاتەدا داوای لە هەموو ئۆرگانەکان‌و کۆمیتەکان‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات کرد، لە بارودۆخی ئەستەمی ئێستاو لە قۆناغی نوێ لە ململانێی خەلك لەگەلّ دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی دا، چالاکتر لە هەمیشە لە مەیدان دابن‌و ڕۆلّی خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەرکە هەنووکەییەکانی حیزبەکەیان‌و، پشتیوانیی کاریگەر لە خەباتی خەلك لەنێوخۆی ئێران دا، بنوێنن. دەبێ هەموومان ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەلّ ڕووداوو پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانمان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین بە قازانجی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان‌و بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران دا کەلکیان لێ وەربگرین.

**سلاو لە شەهیدانی تازەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی**

**سەرکەوتن بۆ خۆڕاگری‌و ئیرادەی پتەوی خەلکی ڕاپەڕیوی ئێران**

**بژی یەکیەتی‌و بەردەوامی‌و هاوپێوەندیی خەلکی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەلّ کودیتاچییەکان‌و پارێزەرانی دیکتاتۆریی‌و سەرەڕۆیی.حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٩/ ٣/ ١٣٨٨**

**٢٠٠٩/٦/١٩**

## مووسەوی و کەڕووبی بەشدارییان لە کۆبوونەوە تایبەتییەکەی شووڕای نیگابان دا نەکرد



میرحوسێن مووسەوی و مێهدی کەڕووبی لە دانیشتنی ڕۆژی شەممە ٣٠ی جۆزەردان شووڕای نیگابان دا بەشدارییان نەکرد.

شووڕای نیگابان لە کاتێکدا داوای لە پالێوراوەکان کردبوو کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەی شووڕادا بەشداری بکەن، کە ڕایگەیاندبوو کە شووڕا تەنیا ئامادەیە هێندێك لە سندووقەکان تا ڕێژەی ١٠٪ سندووقەکان سەرلە نوێ بژمێردرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە پێشتر مووسەوی و کەڕووبی ڕایانگەیاندبوو کە تەنیا بە هەلوەشانەوەی ئاکامەکانی هەلبژاردن و بەڕێوەچوونەوەی هەلبژاردنێکی ئازادو سالم ڕازی دەبن.

شایانی باسە نوێنەرانی مووسەوی و کەڕووبی لە کۆبوونەوە لەگەلّ خامنەیی بە ناوبراویان ڕاگەیاندبوو کە ئەوان متمانەیان بە شوڕای نیگابان نیە، چونکە لە ١٢ ئەندامی شووڕا ٧ کەسیان بە ڕەسمی پشتیوانیان لە ئەحمەدی نژاد کردووەو پڕۆپاگەندەیان بۆ ناوبراو کردوە. هەروەها مێهدی کەڕووبی ڕۆژی هەینی بە دوای قسەکانی خامنەیی لە نامەیەکدا بۆ شووڕای نیگابان ڕایگەیاندبوو کە بە قبوولّ کردنی خواستی خەلك و هەلوەشانەوەی ئاکامەکانی هەلبژاردن، لە سەر کار مانەوەی نیزام گرەنتی بکەن.

## نیگەرانییەکان لە پێوەندی لەگەلّ دۆخی ئێران دا:



## به هاتنەوەسەرکاری ئەحمەدی نەژاد، هەواڵنێرانی بێ‌سنوور لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دا نیگەرانن

هەوالنێرانی بێ سنوور لە ڕاگەیەنراوێك دا بە هاتنەوە سەر کاری ئەحمەدی نژادو پەسندکرانی سەرکەوتنی ناوبراو بۆ پۆستی سەرکۆماری لە لایەن خامنەییەوە نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە خراپتربوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دەربڕی.

ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردان هەوالنێرانی بێ سنوور بە ناردنی نامەیەك بۆ ٢٧ سەرۆکی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، داوای بە ڕەسمی نەناسینی ئاکامی هەلبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێرانی کرد.

لەو بەیاننامەیەدا نووسراوە کە لە ڕۆژی هەلبژاردنەوە تا ئێستا لانیکەم ١٨ ڕۆژنامەنووس دەستبەسەر کراون و لە چارەنووسی دەیان ڕۆژنامەنووسی دیکە لە سەرانسەری ئێران هیچ زانیارییەك لەبەردەست دا نیە.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەی هەوالنێرانی بێ سنووردا هاتووە کە، تا بەر لە هەلبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان ١٢ ڕۆژنامەنووس لە ئێران لە زیندان بوون و کۆماری ئیسلامی گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان لە ئاستی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا بوو، بەلام ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامی بە زیندانی کردنی ٣٠ ڕۆژنامەنووس دوای وڵاتی چین دووهەمین زیندانی گەورەی ڕۆژنامەنووسانە لە ئاستی جیهان دا.

ئەم ڕێکخراوە ئاماژەی بەوەش کردوە کە چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسانی دەستبەسەرکراو لە بەندی ٢٠٩ی ئێڤین بە مەبەستی ئیعتراف لێ وەرگرتنیان بۆ تەلەفیزیۆنی کۆماری ئیسلامی بە توندی لە ژێر فشارو ئەشکەنجە دان.

## ئەنجومەنی نوێنەرانی ئامریکا لە بڕیارنامەیەکدا سەرکوتی خەلکی ناڕازی لە ئێرانیان مەحکووم کرد

**ئەنجومەنی نوێنەرانی ئامریکا ڕۆژی هەینی ٢٩ی جۆزەردان لە بڕیارنامەیەکدا سەرکوتی خەلکی ناڕازیی ئێرانیان مەحکووم کرد.**

لەو بڕیارنامەیەدا کە ٤٠٥ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەنگی ئەرێنییان پێ داوە جەخت لە سەر گرینگیدان بە هەلبژاردنێکی دیموکراتیك و عادلانە لە ئێران دا کراوەتەوە.

هەروەها وتەبێژی کۆشکی سپی ڕۆژی هەینی ٢٩ی جۆزەردان ڕایگەیاند کە بڕیارنامەی ناوبراو دەرخەری بیروڕای کۆشکی سپی سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای ئێرانە.

لە لایەکی ترەوە ئێریك کانتێر لە ئەندامانی پایەرزی کۆماریخوازەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئامریکا داوای لە باراك ئۆباما کرد کە هەلوێستێکی توندتر بەرانبەر بە دەولەتی ئێران بگرێتە بەر.

هەروەها هاوارد بێرمان سەرۆکی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئامریکا وتی: ئێمە ناتوانین لە بەرانبەر هێرش بۆ سەر ئازادی و کەرامەتی مرۆڤدا بێ دەنگ بین.

دریژەی لاپەری١

## کەمپەین بۆ چالاک کردنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو

بەپێی‌لێدوانی یەکێك لەئەندامانی کۆمیتەی‌کەمپەینی‌چالاککردنەوەی‌پەروەندەی‌تیرۆری‌د. قاسملوو بۆ ناوەندی هەواڵی‌دەرەوەی‌وڵات ئەو ئیبتکارە لە سێ‌مانگ لەمەوبەرەوە کاری‌بۆ دەکرێ‌و لەرۆژو حەوتووەکانی‌داهاتوودا چەندو چۆنی‌و لق و پۆپەکانی‌لە میدیاکاندا زیاتر شی‌دەکرێتەوە. ئەو هەروەها بە ناوەندی هەواڵی‌دەرەوەی وڵاتی‌ڕاگەیاند: "چاوەڕوانیی‌ئێمە لە هەموو هۆگرانی‌مافی‌کورد و دێموکراسی‌لەئێرانداو بەگشتی‌لە هۆگرانی‌ئاشتی‌و ئازادی‌و عەداڵەت لە جیهاندا ئەوەیەکە بەبێ وەبەرچاو گرتنی‌تەعەلوقاتی‌تایبەتیی‌خۆیان ئەو بانگەوازە ئیمزا بکەن ".

بۆ ئیمزا کردنی‌کەمپەینەکەسەردانی ئەم لینکەبکەن:

http:/www.ptititononline.com/ju١٣١٩٨٩/petition.html

**ئەوەش دەقی داخوازینامەکە:**

### داخوازینامە بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو

لە١٣ ی ژوئیەی ١٩٨٩ یەکێک لەسامناکترین ڕووداوەکانی مێژووی کورد لە ڤیەنی پێتەختی ئوتریش ڕووی دا. لەو ڕۆژەدا د.عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری ئازەرو فاضل ڕەسوڵ لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران. دوکتور قاسملوو لەکاتێکدا شەهید کرا کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی کورد لە ئێران و بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئینسانییەکانی گەلی کورد چووبووە ئەم دیدارە. سەرەڕای بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی کاتی تیرۆرەکە دەوڵەتی ئوتریش ڕێگەی بە پۆلیس و دەزگای قەزایی خۆی نەدا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکان بە ئەنجام بگەیەنن؛ لە ئاکامدا ئەم تاوانەکەم وێنەیەکە لەنێو دڵی وڵاتێکی دێموکراتیکی ئورووپاییدا ئەنجام درابوو بێ سزا مایەوەو دۆخە یاساییەکەی هیچ کات چارە نەکرا.

٢٠ ساڵ پاش ئەو ڕووداوە ناڕەوایە، ئێمە هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەین کە دەبێ و دەکرێ ئەو پەروەندەیە وەگەڕ بخرێتەوە. پێویستە ڕاستیی‌ئەم ڕووداوە بە پشت بەستن بە نیشانەکانی کاتی تیرۆرەکە و لەژێر ڕووناکایی فاکتە تازەکانی ئەمڕۆ کە هێندێکیان دەست تێدا بوونی مەحموودی ئەحمەدی نژاد سەرۆککۆماری ئێران لەو جینایەتەدا دەسەلمێنن لە ڕێگەی قانوونییەوە ڕوون بکرێتەوە. ڕێگەدان بە بەڕێوەچوونی دادپەروەری لەم پێوەندییەدا تەنیا ڕێگەی قەرەبوو کردنەوەی بەشێکی ئەو بێدادییە مێژووییەیە کە کاتی خۆی دەرهەق بە گەلی کورد و ئازادیخوازانی ئێران کراوە. ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەمڕۆش نیشانی دەدا کە هەنگاوێکی لەم چەشنە هەروەها خزمەت بە ئامانجی دێموکڕاسی لە ئێران و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی ئەورووپاییش دەکا.

هەربۆیە ئێمە لە ڕێگەی ئەم داخوازینامەیەوە داوا لەدەوڵەتی ئوتریش دەکەین کە دەرەتانی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی یاسایی و گەیاندنی ئەم پەروەندەیە بە ئاکامێکی دادپەروەرانە پێک بێنێ.

ئێمەداوا لەگشت ئەو ڕێکخراو و تاکانەکە هۆگری پرسی کورد و دێموکڕاسی لە ئێران و بەگشتی ئاشتی و ئازادی و عەداڵەت لە جیهاندان دەکەین کەهاودەنگ لەگەڵ ئێمەبۆ داوای وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو ئەم داخوازینامەیە واژۆ بکەن.



## ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئێرانی لە زانکۆ جیاجیاکانی جیهان نامەیەکیان ئاراستەی بانکی‌مۆن کرد

**ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئێرانیی زانکۆ جیاجیاکانی جیهان لە نامەکەی دا بۆ "بان کی مون"، داوای ناردنی نوێنەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان بۆ ئێران کرد.**

ئەو مامۆستایانە لە نامەکەیان دا وێڕای دەربڕینی نیگەرانییەکان سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران ئاماژەیان بەوە داوە کە کۆماری ئیسلامی لەو هەلبژاردنەدا ڕێزی لە دەنگی خەلك نەگرت و هێزە ئەمنییەتییەکانیش هێرشیان کردە سەر خابگای خوێندکاران و بە شێوەیەکی وەحشیانە بەربوونە گیانی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆو جگە لە کوشتنی چەند خوێندکارێك ژمارەیەکی بەرچاوی خوێندکارانیشیان دەستبەسەر کرد.

بەیاننامە:

# ڕاپەڕینی خەڵك بۆ دیفاع لە دەنگەکانیان و وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان



**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**
**ئۆگرانی ئازادی و دێموکراسی لە سەرانسەری جیهان!**

دوو ڕۆژە سەرانسەری ئێران بۆتە یەك پارچە رق و قین و ناڕەزایەتی لە سیاسەتی دژی دێموکراتیکی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و تاران و بەشێك لە شارە گەورەکانی ئێران وەك گڕکانێك بە رووی پاوانخوازان و زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێراندا تەقیونەوە. شەقامەکانی تاران بوونەتە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی ڕۆڵەکانی گەل لە لایەك و وەحشیگەری و ئاکاری نامرۆڤانەی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی و زرۆداری لە لایەکی دیکە.

ئەو ناڕەزایەتی و بەرەنگارییە دژکردەوەی کۆمەڵانی خەڵك بەرامبەر بەو کودیتا دژی ئازادییەیە کە قۆڵی پاوانخوازی ڕێژیم بەدژی دەنگی زۆرایەتیی دەنگدەرانی خولی دەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری وەڕێیخست. خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە سی ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی چوارساڵ سەرکۆماریی مەحموودی ئەحمەدی نیژاد لە بڕیارێکی یەکپارچەدا سیاسەتی پاسیفی بایکۆتیان وەلانا و بە بەشدارییەکی حەماسەیی لە هەڵبژاردندا "نا"یەکی گەورەتر لە هەموو جارەکانیان بە قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی گوت. پاوانخوازان کە هەر لە ڕۆژەکانی پێش هەڵبژاردنەوە، تێگەیشتبوون ئەو هەڵبژاردنە دەدۆڕێنن، تەواوی ڕێگاکانی پێشگیری لە شکستی خۆیان گرتەبەر و لە پەلاماردانی ستادەکانی ڕکەبەرانەوە بگرە هەتا ڕێگانەدان بە چاودێرەکانیان و فیلتێرکردنی سایتەکان و تەنانەت داخستنی خەتی SMS لە هیچ هەوڵ و تەقەلایەك دریغییان نەکرد.

کاتێك هەمووی ئەم هەوڵانە لە بەرامبەر ویستی گۆڕان و بڕیاری یەکپارچەی دەنگدەراندا بێ ئاکام مانەوەو قۆڵی پاوانخواز بە کودیتایەکی نەخشە بۆ کێشراو ئاکامەکانی هەڵبژاردنی، تەنانەت پێش ئەوەش کە بژاردنی دەنگەکان تەواو بێ ، بە قازانجی ئەحمەدی نیژاد و بە زیانی ڕکەبەرەکانی ڕاگەیاند و تەنانەت هەوڵیدا بە ڕاگەیاندنی ئاکامێکی سەیرو سەمەرە و دوور لە باوەڕ ڕاشکاوترین و سەرسەختترین کاندیدای ڕکەبەر، واتە مەهدیی کەڕووبی ئەوەندە بێ ئیعتبار نیشان بدا کە گۆیا کەمتر لە یەك لەسەدی دەنگەکانی هێناوەتەوە.

ئاکامی هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆماری بە پێی ڕاگەیاندراوی ستادی پاوانخوازان بەم جۆرەیە:

ئەحمەدی نیژاد ٢٤٥٢٧٥١٦ دەنگ (٦٢/٦٣٪ )، مووسەوی ١٣٢١٦٤١١ دەنگ ( ٣٣/٧٥٪ )، موحسینی ڕەزایی ٦٧٨٢٤٠ دەنگ (١/٧٣٪) و مەهدیی کەڕووبی ٣٣٣٦٣٥ دەنگ (٨٥/٠٪).

لە حاڵێکدا ئاماری سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ئەم ئاکامانەمان دەخاتە بەرچاو: میرحوسێن مووسەوی ١٩٠٧٥٦٢٣ دەنگ (٣٨/٤٥٪)، مەهدیی کەڕووبی ١٣٣٨٧١٠٤ دەنگ (٣١/٨٥٪)، مەحموودی ئەحمەدی نیژاد ٥٦٩٨٤١٧ دەنگ (١٣/٤٨٪) و موحسین ڕەزایی ٣٧٥٤٢١٨ دەنگ (٨/٩٣٪)، دەنگی بەتاڵیش ١٣٨٧١٦ دەنگ بووە. دیارە بە پێی ئەو ئامارە هیچ کام لە کاندیداکان دەنگی پێویستیان بۆ سەرکەوتن بەدەست نەهێناوە و هەڵبژاردن دەبوو بکەوێتە دەوری دووەم، بەڵام گرنگ ئەوەیە کاندیدای دڵخوازی قۆڵی پاوانخواز هەر لە دەوری یەکەمدا لە مەیدان دەرچووبوو.

پێویستە لێرەدا ئاماژەیەکیش بە کوردستان و خەڵکی کوردستان بکەین. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە بە نۆرەی خۆیان زیاتر لە بەشەکانی دیکەی خەڵکی ئێران باری قورسی زوڵم و زۆر و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامییان لەسەر شانە، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد داوای بایکۆتی هەڵبژاردنیان لێ کردبوون، بە تێگەیشتنی ئەو ڕاستییە کە بایکۆت هەڵوێستێکی پاسیفە، بە هەوڵ و تەقەلای رووناکبیران و بژاردەکانی نێوخۆی وڵات و لەسەر داوای حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان، پاش ئەوەی دوو لە کاندیداکان لە بەرنامەی خۆیاندا ئاوڕێکیان لە داخوازییەکانی گەلانی زۆرلێکراو دایەوە پەردەیان لەسەر ناهەقی و جیاوازیدانانی کۆماری ئیسلامی بەدژی کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان هەڵدایەوە بە ڕێژەیەکی باش بەشداری هەڵبژاردن بوون و بەشی زۆری دەنگەکانیان بە قازانجی ئەو دوو کاندیدایە بە تایبەتی مووسەوی خستە سندووقەکانەوە، کە ئێمە لەو پێوەندییەدا دەستخۆشیان پێدەڵێین و سپاسیان دەکەین.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی ئێران دەگەڵ پاوانخوازیی نێو دەسەڵات لە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆماری‌دا سەرەتای قۆناغێکی تازە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران و داڕنینی بەرگی ترس و دڵەخورپە لە فەرمانڕەوایی زۆردارانەی دوژمنانی ئازادی و دێموکراسی‌یە. ئەو خەڵکە تێ-گەیشتوون کە دەست لە سەردەست دانان و لەماڵ دانیشتن بە ناوی بایکۆتی هەڵبژاردن ناتوانێ بەربەرەکانییەکی کارساز دەگەڵ ڕێژیمی زۆرداران بێ. بۆیە یەکپارچە هاتنە مەیدان و دەنگی خۆیان بە گوێی قۆڵی بڕیاربەدەست ڕاگەیاند. کاتێکیش دەسەڵات بێحورمەتیی بە دەنگی‌وان کرد و لە کودیتایەکی ئاشکرادا ئاکامی هەڵبژاردنی ١٨٠ دەرەجە بەراوەژوو نیشان دا بۆ پاراستنی حورمەتی دەنگەکانیان و ئەستاندنی ماف و ئازادییەکانیان هاتنە مەیدان. هیوادارو تەنانەت دڵقایمین کە ئەو بەرەنگاربوونەوەیە، بەرەوڕووبوونەوەیەکی بەردرێژە و هەتا بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لە هیچ کەندو کۆسپێك ناسڵەمێتەوە و پاشەکشە ناکا.

ئاواتی ئێمە ئەوەیە بەرەوڕوو بوونەوەی ئەمجارەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و پاوانخوازانی نێو دەسەڵات بەرەنگارییەکی شارستانییانە بێ و تینووانی دەسەڵات دەنگی هەقخوازانەی خەڵك ببیسن و کار نەکێشێتە توندوتیژی، هەروەك ئاواتمانە کاندیداکانی جێگای پشتیوانیی ئەو خەڵکە ئازایانە لە مەیدان‌دا بمێننەوە و بە هاوکاری و پشتیوانیی هەموو کەسایەتییە ئازادبیر و ئازادیخوازەکانی ئێران تا سەرکەوتنی یەکجاری، لە پشتی ڕاپەڕینی خەڵك ڕاوەستن.

لە خەڵکی تیکۆشەری کوردستانیش کە هیچکات لە خەباتی ڕزگاریخوازانەدا لە هاونیشتمانەکانیان دوا نەکەوتوون و لە سی ساڵی ڕابردووش‌دا سیمبوولی خەباتێکی نەپساوە و قارەمانانە دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی بوون داوا دەکەین بە وردی چاوەدێریی ئاڵوگۆڕەکانی وڵات بکەن و پێ بە پێی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان ئەرکی خۆیان لە خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران‌دا بە ئەنجام بگەیەنن. دەبێ هەموو لا هەوڵ بدەن تا ئەو جێگایەی دەکرێ ئەم دەورەیە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕووناکی و تاریکی و هەق و ناهەق بە ڕێگایەکی شارستانی و دێموکراتیك‌دا بچێتە پێش و دەرەتانی بەکارهێنانی توندوتیژی و پیاوکوژی بە کۆنەپەرستان نەدرێ.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

هێزە سیاسییە وڵاتپارێزەکان!

ئەگەر لەمێژە هاوکاری و هاودەنگی لە نێوان چین و توێژەکانی خەڵك و گەلانی ئێران بە گشتی و بە تایبەت لە نێو هێزە نیشتمانییەکان‌دا وەك پێویستییەك خۆی نواندوە، لەم قۆناغە تازەیەی بەرەنگاریی خەڵکی ئێران و حاکمییەتی سەرەڕۆدا بۆتە پێویستییەکی هەنووکەیی. لەم قۆناغەدا هەرجۆرە بڕوبیانوویەك کە ببێتە کۆسپی سەر ڕێگای پێك گەیشتنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بە تایبەتی و گەلانی ئێران بە گشتی بەرپرسایەتیی مێژوویی بەدوای خۆی‌دا دێنێ. ئێمە هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ کۆبوونەوەیەکی زۆر خێرا لە دەوری یەکتر و دەست پێکردنی وتووێژێکی بنیاتنەر بۆ گەیشتن بە هاوپەیمانییەکی خەباتگێڕانە بانگهێشتن دەکەین و ئامادەیی خۆشمان بۆ هاوکاری لەگەڵ هەمووان بێ هیچ پێش مەرجێکی نادێموکراتیك ڕادەگەیەنین.

هەر لەو کاتەدا پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەربەرین لە نێوان هێزە سیاسییەکانی سەرانسەری ئێران دا (لە ژوورەوە و لە دەرەوەی وڵات) بە پێویستییەکی فەوری دەزانین و داوا دەکەین هەموو لا بە هەستی بەرپرسایەتییەوە دەستی هاوکاری بدەنە دەستی یەك و هەوڵەکانیان بۆ ڕزگاریی ئێران تێکەڵ بکەن. پێکهاتنی حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ بەرەو پێشبردنی خەبات و ئیدارەی وڵات پاڵپشتێکی بەهێز دەبێ بۆ ئەو ڕۆڵە ئازاو بەجەرگانە کە ئەمڕۆ بە دەستی بەتاڵ بەگژ دەزگای سەرکوت و زەبروزەنگدا دەچنەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا داوا لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لایەنگری ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەین، بەرانبەر بە ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بێ تەفاوەت نەبن و کۆمەك بکەن کە ڕێژیم نەتوانێ دەنگی ئازادیخوازانەیان لە گەروودا بخینکێنێ. دەوڵەتانی بڕیاربەدەستی جیهانیش بانگ دەکەین کە بۆ پاراستنی قازانجە ئابووری و بازرگانییەکانیان پشت لە خەباتی دیموکراتیکی گەلانی ئێران نەکەن و بە فشارهێنان بۆ سەر ڕێژیمی دەسەڵاتدار ناچاری بکەن مل بۆ ئیرادەی خەڵکی ئێران رابکێشێ.

**سەرکەوێ ئیرادەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران**

**سڵاو لە ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری**

**نەمان بۆ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی**

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٣٨٨/٣/٢٥**

**(٢٠٠٩/٦/١٥)**

## پیرۆزبایی بەبۆنەی ٢٩ ساڵەی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانەوە

**بەڕێوەبەران! کارگێڕان‌و پێرسۆنێلی تێکۆشەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان!**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین‌و، سەبارەت بە هەوڵ‌و تێکۆشانی دڵسۆزانە‌و ماندوویی نەناسانەتان دەستخۆشتان پێدەڵێین.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە خەباتی شۆڕشگێڕانە‌و ئازادیخوازانەی حیزبی دێموکرات‌و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوو دا، جێگایەکی بەرزی هەیە. لە ڕۆژگارێك دا کە نەتەوەکەمان نە خاوەنی کەناڵی فەزایی تەلەڤیزیۆنی بوو، نە ناوی ئەنتێرنێتی بیستبوو، نە تەنانەت ئیمکانی بڵاوکردنەوەی ئازادانەی ڕۆژنامەیەکی هەبوو، ڕادیۆی دەنگی کوردستان ببووە سەفیرو پەیامبەری ڕاستوێژو ئەمینی ئەو خەباتەو، هەموو ڕۆژێ لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە، بانگی کۆڵنەدان‌و بەردەوامبوونی شۆڕشگێڕانی دێموکراتی کوردستانی دەبردە نێوماڵ بە ماڵی کوردستان‌و، شەپۆل شەپۆل هیواو هومێدو بڕوا بە خۆبوونی لە سەرانسەری کوردستان دا بڵاودەکردەوە. ناوی ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەبیرهێنەرەوەی هەزاران حەماسەی شۆڕشگێڕانە‌و ڕووداوی تاڵ‌و شیرنی مێژووی ٣٠ ساڵی ڕابردوویە کە خەڵکی کوردستان لە ڕێگای ئەم ڕادیۆیەوە لێیان ئاگادار بوون.

ئێستاو لە سەردەمێك دا کە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی پێوەندییەکان گەیشتۆتە دوورەدەسترین شوێنەکانی کوردستان، ڕادیۆی دەنگی کوردستان پێویستە جێگای شیاوی خۆی لەنێو ڕاگەیەنە کوردییەکان دا، بپارێزێ‌و وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانی ئۆگرانی لە هەلومەرجی نوێ دابێ.

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ لە سەرەتای سیهەمین ساڵی تێکۆشانی ئەم ڕاگەیەنە خۆشەویستەدا، بە خوێندنەوەیەکی تازە بڕوانێتە ئەرکی ڕادیۆی دەنگی کوردستان. دڵنیاین بە کاری ئێوە تێکۆشەرانی ئەرکناسی سەنگەری ڕادیۆ‌و، بە هەوڵی ڕێبەریی حیزب بەمەبەستی پێشخستنی ڕادیۆ لەباری تێکنیکی‌و بەرهەمهێنانەوە، ئەم ڕادیۆیە لە ساڵانی داهاتووش دا، لە خزمەتکردن بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی‌و کولتوورو ئەدەبیاتی پێشکەوتنخواز لە کوردستان، درێغ ناکا.

جارێکی دیکە جێژنی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان
لە ئێوەو تێکڕای ئۆگران‌و گوێگرانی ڕادیۆ پیرۆز بێ.

**کومیسیۆنی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان.**
**٢٧ ی جۆزەردانی ١٣٨٨**

# کودیتا لە دژی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران دا

✍ : قادر وریا

دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران، سەرەڕای بەشداریی کەم وێنەی خەڵکی ئێران لەو هەڵبژاردنەدا و، هومێد پێ بەستنی چەندین میلیۆن لە هاونیشتمانان بە ئاکامەکانی، لەگەڵ کۆتاییەکی تراژدیك بەرەوروو بوو.

خەڵکی ئێران کە لە سێبەری دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، لە هەموو مافێکی دیموکراتیك بۆ وێنە هەڵبژاردنی ئازاد و، بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە بێبەشن، لە دەیەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا، هەموو هەوڵی خۆیان بەکار هێنا تا لە چوارچێوەی ئەوەندە دەرەتانە بەرتەسکەی بۆ هەڵبژێران و هەڵبژاردن لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، ویست و داخوازەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ و لە نێو تەنیا چوار کاندیدای سەلاحییەت تەئید کراودا کە هەمووشیان لە کاربەدەستان و سیما ناسراوەکانی ئەو نیزامە بوون، دەنگ بەو کەسە بدەن کە تا رادەیەك داخوازەکانی ئەوانی لە دروشم و بەرنامەکانی خۆی دا گونجاندوە.

بێبەشی لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا بە گشتی و بە تایبەتی وەزاڵەهاتن لە چوار ساڵ دەستدرێژیی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نەژاد و دەزگا و دامەزراوەکانی سەر بە قۆڵی‌پاوانخواز بۆ سەر کەرامەت، ئەمنییەت و مافەکانی هاونیشتمانان، خەڵکی ئێرانی بەرەو ئەوە هان دا لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری وەك دەرفەتێك بۆ پاشەکشە بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و، پێکهاتنی گۆڕان لە کەشوهەوای سیاسیی وڵات بڕوانن. سەرەڕای هەموو کوم و کوورییەك کە لە سیستەمی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا هەیە، لەگەڵ ئەوەش دا کە سەرکۆمار دەسەڵات و سەلاحییەتێکی سنووورداری هەیە، هەروەها وێڕای ئەوەش کە لە ٢٧٥ کاندیدای سەرکۆماری، شوورای نیگابان تەنیا سەلاحییەتی چوار کەسیانی تەئیید کرد، خەڵك لە سەرانسەری ئێران بە دەرفەتیان زانی بێنە مەیدان. خەڵك هاتنە مەیدان تا ئیرادەی خۆیان بە سەر نیازی بڕیاربەدەستانی ئەسڵیی کۆماری ئیسلامی دا سەر بخەن و، مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد کە چوار ساڵ لەمەوبەر بە پشتیوانیی خامنەیی و بە رێخۆشکەریی و ساختەکاریی دەزگا و بنیاتە سەرکوتکەرەکان و، بە کەڵك وەرگرتن لە بەشداریی کەمی خەڵك لە هەڵبژاردن دا ببوو بە سەرکۆمار، وەلابنێن.

خەڵکی وشیار و تێگەیشتووی کوردستانیش بە هاندان و رێنوێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم دەرفەتەیان قۆزتەوە. چالاکانی سیاسی و مەدەنی و، رێکخراوە و کۆمەڵە مەدەنی و فەرهەنگی‌یەکان داخوازەکانی خەڵکی کوردستانیان هێنایە گۆڕێ و سەرنجی کاندیداکانی سەرکۆماری و راگەیەنەکانیان بۆ لایان راکێشا. خەڵکی کوردستان کە لە هەموو ماوەی دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا بە گشتی و، بە تایبەتی لە ماوەی چوار ساڵ سەرکۆماریی ئەحمەدی‌نژاد دا، پتر لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ ستەم و جیاوازیدانان و بێبەشی و بێحورمەتی بە شوناسی نەتەوەیی خۆیان بەرەوروو بوون چالاکانە و بەرچاوتر لە زۆربەی دەورەکانی پێشوو هاتنە مەیدان تا بە دەنگ و هەڵوێستی خۆیان لە هەرەوەزی سەرانسەریی پاشەکشە بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دا بەشدار بن و یارمەتی بە پێکهێنانی گۆڕان لە ئێران دا بکەن.

چەند مانگی رابردوو، بە تایبەتی ئەم یەك مانگەی دوایی، سەرانسەری ئێران و هەموو ئەو شوێن و راگەیەنانەی خەڵك و چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەیانتوانی بیروبۆچوون و چاوەڕوانی و داخوازەکانی خۆیانی تێدا بێننە گۆڕێ، ببوون بە مەیدانێك بۆ ملمانێ لەگەڵ دەسەڵاتداران و بڕیار بەدەستانی واقیعیی نیزامی کۆماری ئیسلامی. ببوون بە سەکۆیەك و تریبوونێك بۆ خستنە رووی داخوازە سەرکوتکراوەکان و، هێنانە ژێر پرسیاری سیاسەتە چەوتەکان و رەخنە گرتن لە کارنامەی پڕ لە تاوان و درۆ و پێشێلکاریی دەسەڵاتداران و کاربەدەستان، لە پێشەوەی هەمووشیانەوە، سەرکۆمار، مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد.

لە هەمووی ئەو ماوەیەدا بە ئاشکرا دیار بوو کە رێبەری نیزام، شوورای نیگابان، رادیۆو تەلەڤیزیۆنەکان، وەزارەتی نێوخۆ، وەزارەتی ئیتلاعات، سوپای پاسداران، بەسیج و سەرجەم دەزگا و بنیاتەکانی ژێر کۆنترۆڵی کۆنەپارێزان و پاوانخوازان، کار بۆ هێنانەوە سەرکاری ئەحمەدی‌نژاد دەکەن. شانبەشانی ئەو لایەنگرییەش، شووڕای نیگابان و وەزارەتی نێوخۆ، پرۆسەی دەنگ وەرگرتن و چاوەدێریی دەنگدان و بژاردنی دەنگەکانیان لە کۆنترۆڵی خۆیان دا هێشتەوە و، تەنانەت رێگای ئەوەیان نەدا نوێنەرانی کاندیداکان ونوێنەرانی خەڵك، لەوەندە مەجالە کەمەش کە یاساکانی ئەو رێژیمە پێی داون، بۆ چاوەدێریی ئەم پرۆسەیە کەڵك وەربگرن. بەم جۆرە هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان لە نێو کەشوهەوای سیاسیی پڕ باس و زیندوودا، بەڵام لە حاڵێك دا کە نیگەرانیی خەڵك و دوو لە کاندیداکان لە "تخلف" و "تقلب" ( پێشێلکاری و ساختەکاری) لە زیاد بوون دا بوو، بەڕێوە چوو.

وەك دیتمان هەر لە یەکەم ساتەکانی دەنگدانەوە، هەوڵەکان بە مەبەستی دەرهێنانی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە سندووقەکانی دەنگ خۆیان دەرخست. بێبەش کردنی بە ئەنقەستی دەنگدەرانی لایەنگری مووسەوی و کەڕوبی لە بەرگەی دەنگدان و، پەنا بردن بۆ دەیان پێشێلکاری و ساختەکاری لە هەموو شارو ناوچەکان و راگەیاندنی بەپەلەی یەکەم ئاکامەکان ئەویش بە پێچەوانەی راستی‌یەکان، سەرەتای ئاشکرا بوونی نیازێك بوون کە کۆنە پارێزانی پاوانخواز، پێشتر بەرنامەیان بۆ دارشتبوو. وەڵام نەدانەوەی وەزارەتی نێوخۆ بە سکاڵا و پرسیار و رەخنەی کاندیداکان و ستادەکان، بەردەوام بوون لەسەر راگەیاندنی ئاکامەکانی دەنگدان بەو جۆرەی بۆ خۆیان پێیان خۆش بوو، ئاگادار کردنەوەی خەڵك لە بەڕێوەچوونی مانۆری نیزامیی "اقتدار" دەسبەجێ بە دوای کۆتایی هاتنی دەنگداندا،




سەرەتای ئەو کودیتایە بوو کە لە بەرزترین پلەکانی بڕیاردان دا، بۆ پێشگیری لە سەرکەوتنی کاندیدای دڵخوازی خەڵك و سەپاندنی مەحموودی ئەحمەدی نژاد رێکیان خستبوو. لە حاڵێکدا بە پێی زۆربەی لێکدانەوەو راپرسییەکان میرحوسێن مووسەوی لە زۆربەی شارەکان لە پێشەوەی ئەحمەدی نژاد و کاندیداکانی دیکە بوو، لە رۆژی هەڵبژاردنیشدا ئەم راستییە بۆ خەڵك و چاوەدێران درکەوتبوو، ئاکامە راگەیەندراوەکانی وزارەتی نێوخۆ، ئەحمەدی نژادی وەك براوەی ئەم هەڵبژاردنە ئەویش بە ٢٤ ملیۆن دەنگەوە ناساند! بۆ چەسپاندنی ئەم بڕیارەو، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەتوانێ بە دژی رابوەستێ، خامنەیی، رێبەری نیزام دەسبەجێ لە پەیامێك دا رەسمییەتی بەم کودەتایە داو، هەر چەشنە بەربەرەکانی لەگەڵ ئاکامە راگەیەندراوەکانی وەزارەتی نێوخۆی بە پیلانی دوژمنان و بەدخوازان ناوبرد. بەم جۆرە بڕیاربەدەستانی پاوانخوازو کۆنەپارێز لەوپەری رووهەڵماڵاوی دا بە فێڵ و چاوبەستی ئاشکرا و بە پشتیوانیی هێزی نیزامی و سەرکوت، لە دژی دەنگی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی وڵات وێستانەوەو، هەڵبژاردنی ئەم دەورەیان بە کردەوە پووچەڵ کردەوە.

ئەو کودیتایەی رۆژی ٢٢ی جۆزەردان لە ئێران لە دژی ئاکامەکانی دەنگدانی نزیك بە ٤٠ میلیون خەڵکی ئێران بەڕێوەچوو، جارێکی دیکە نیشانی دایەوە کە بڕیار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی رێگا نادەن گۆڕانێکی هەرچەند کەمیش بە قازانجی ژیان و خەباتی خەڵك تەنانەت لە رێگای خەباتی مەدەنی و بە شێوەیەکی ئارام و لە رێی دەنگدانەوە، لە ئێران دا پێك بێ.

خەڵکی ئێران لە جیاتی بایکوت و پاسیڤیزم، بەشداریی لە هەڵبژاردنیان دا گرتەبەر تا پاشەکشە بە دیکتاتۆری، زۆرداری، بێمافی و سەرکوت بکەن و، رێگا بۆ پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بکەنەوە. ئەوان بە بەشداریی بەرین و دەنگدانی ئاگایانەی خۆیان، "نا"یەکی دیکەیان بە رێبەر و بڕیار بەدەستانی ئەسلیی ئەو رێژیمە گوتەوە. بەڵام کۆنەپارێزان و پاوانخوازان ئەو سەرکەوتن و پێشرەوییەی خەڵکیان بۆ تەحەممول نەکرا و، بە کودیتا بەرەورووییان بوونەوە. ئەم کودیتایە کۆمەڵێك ئەرك دەخاتە سەر هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵە و ناوەندەکانی تایبەت بە کاری مەدەنی و فەرهەنگی و، هەموو ئەو کەس و لایەنانەی دڵیان بو ئازادی و دیموکراسی و چارەنووسی خەباتی ئازادیخوازانە لە ئێران دا لێ دەدا:

١ـ لە سەر هەمووان پێویستە ئاکامە راگەیەندراوەکان لە لایەن وەزارەتی نێوخۆوە کە بە گوێرەی ویستی کودیتاییەکان ئامادە کراوە و راگەیەندراوە، بە بێ ئیعتیبار بناسن و، ئەم هەوڵەی بڕیار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی خەڵك تەنانەت لە چوارچێوەی یاساو سیستەمکانی خۆشی دایە، مەحکووم بکەن. دەبێ بە راشکاوی بگوترێ ئەوەی کراوە کودیتایە لە دژی خەڵك و، نارەزایەتی دەربڕینی خەڵك لەم پێوەندییەدا و داننەنان و ملنەدانیان بۆ سەرکۆماریی ئەحمەدی‌نژاد، مافی بێ ئەم لاوئەولای‌خۆیانە.

٢ـ خەڵکی کوردستان و سەرانسەریی ئێران نابێ لەو پێشێلکردنە ئاشکرایەی سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان و، لەو سووکایەتییە گشتی‌یە، خۆش بن. ئەوان لە مێژ ساڵە بڕیاریان داوە مل بۆ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی رانەکێشن و لە ٢٢ی جۆزەردانیش دا جارێکی دیکە ئەو بڕیارەی خۆیان نوێ کردەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە نیشانی بدەن کە تەسلیمی دەوڵەتی کودیتا نابن و رێگای بەربەرەکانێ لەگەڵ دیکتاتۆری و زۆرداری و خۆسەپاندن هەتاسەر دەپێون.

٣ـ هەر دوو کاندیدای سەرکۆماری کە لەم هەڵبژاردنەدا، کەوتنە بەر رقی کودیتاییەکان، لە هەڵوێستێکی بەرپرسانە و چاوەروانکراو دا، رایان گەیاندوە کە مل بۆ ئەم ساختەکارییە و بە پێچەوانە نیشاندانی ئاکامەکانی دەنگدان، نادەن و لێی‌بێدەنگ نابن. ئێستا ئیدی ئەوە ئەوانن کە دەبێ نیشانی بدەن شیاوی پشتیوانی و دەنگەکانی ئەو خەڵکەن و، هەروا کە خەڵکەکە سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپەکان، پشتیوانییان لێ کردن، ئەوانیش لەگەڵ خەڵك دا دەمێننەوە و لە ژێر تەوژم و پەلاماری کودیتاییەکان دا، پێیان وەفادار دەمێننەوە.

٤ـ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نابێ لە کودیتای دەسەڵاتدارانی ئێران دژی ئاکامەکانی دەنگدانی خەڵك بێدەنگ بێ. رێژیمێك لە نێوخۆی وڵاتەکەی دا نەتوانێ کەمترین بەشداریی خەڵك لە دیاریکردنی بەڕێوەبەرانی وڵات دا تەحەممول بکا و، بە هاسانی دەنگەکانی نزیك بە ٣٠ میلیون کەس لە خەڵکی وڵاتەکەی بخاتە ژێر پێ، شایستەی ئەوەنییە سەر لە کۆڕوکۆمەڵ و ناوەندەکانی جیهان وەدەربنێ.

٥ـ ئێستا کە کەلێنێکی قوول و مەودایەکی زۆر کەوتۆتە نێوان دەسەلاتدارانی ئێران و خەڵکی وڵاتەکەمان و، کودیتاییەکان بێجگە لە پەنا بردن بۆ زۆر و سەرکوت، رێگایەکی دیکەیان بۆ حکوومەت کردن بەسەر ئەو خەڵکە دا بۆ نەماوەتەوە، ئەرکی هەموو هێز و لایەنەکانی ئۆپوزیسیون لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتە، زیاتر لە هەموو کاتێك بۆ یەکیەتی تێ بکۆشن و هەنگاوەکانیان بە مەبەستی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ پێشهات و گۆڕانەکان لێك نزیك بکەنەوە.

٦ـ خەڵکی کوردستان لە رەوتی هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری دا وشیاریی سیاسیی خۆیان جارێکی دیکە نیشان دایەوە، دەبێ لە دوای کودەتای ٢٢ی جۆزەردانیش وەك خەڵکی سەرانسەری ئێران لە مەیدان دابن و لە خەباتی مەدەنی و ئیعترازی دا بەشدار بن و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران بپارێزن.

٧ـ هاوکاریی نێوان هێز و رێکخراوەکانی ئۆپوزیسیون بە تایبەتی لە قۆناغی دوای ٢٢ی جۆزەردان لە هەر دوو ئاستی کوردستانی و ئێرانی دا لە جاران زیاتر پێویستە. جێی خۆیەتی دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە بە مەبەستی کاری خەباتگێرانەی هاوبەش لە هەلومەرجی نوێ‌دا هەرچی زووتر دەست پێ بکا.

بە رواڵەت دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکی ئازادیخواز و داواکاری گۆڕان دا سەرکەوتوون. بەڵام بەو کودیتایەی لە ٢٢ی جۆزەردان دا کردیان، لە نێوخۆی سیستەمدا ، ناکۆکیی نێوان قوڵ و کوڵەکەکانی نیزام قووڵتر بۆوە ، لە دەرەوەی نیزامیش، ملمانێی خەڵکیان لە گەڵ ئەو رێژیمە بردە نێو قۆناغێکی نوێوەو ، خەڵکیان لە هەموو کات زیاتر لەگۆڕان لە چوارچێوەی ئەو نیزامە دا ناهومێد کرد. لە پێوەندی لە گەڵ دنیای دەرەوەشدا، ئیعتباری رێژیمەکەیان( کە هەر لە جێدا شتێکی ئەوتۆی لێ نەمابۆوە)، ئەوەندەی دیکە هێنایە ژێر پرسیار. لە یەك وتە دا، ئەوان رێگای خەباتی شێلگیرانەتر و جیددیتریان خستە بەر دەم خەڵك و، بەم کودیتایەیان، سەرنجی دنیایان بۆ لای ئەو جەهەننەمە راکێشا کە دەسەڵاتبەدەستانی کۆنەپارێز و پاوانخواز بۆ خەڵکی ئێرانیان دروست کردوە.

# کودیتایەکی رەش و ئاکامەکانی

: عەولا بەهرامی

حەوتووی رابردوو کە بە کودیتایەکی رەش لە لایەن دەسەڵاتپەرستان و پاوانخوازانەوە رێك خرابوو، دەستی پێ کرد، لە حەوتووە پڕ رووداوەکانی ئێران بوون. کودیتایەك کە لە دەنگی دەیان میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران و لە دەنگی دێموکراسیخوازانەی ئەوان کرا، تەنیا دیاردەیەك نیە کە تەعبیر لە نێوەرۆکی دژە دێموکراتیك و دیکتاتۆریانەی ئەم رێژیمەو دەسەڵاتدارانی دەکا. بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەوانەی بە جۆرێك پێیان وابوو ئەم رێژیمە بە راکێشانی پێشگری کۆماری و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، پێڕەویی لە بنەما دێموکراتیکەکان کردوە، دیسان دەری خستەوە پاوانکارانی دەسەڵات ئەگەرچی ناچارن بۆ بریقەدارکردنی ئەم پاشگرە یان هەڵخەڵەتاندنی خەڵك و بیروڕای جیهانی مل بە هەڵبژاردن لە ئاستەکانی وەك سەرکۆماری و مەجلیس دا بدەن، بەڵام ئامادە نین ئاکامێکی جیاواز لەو ئاکامانە کە بۆ خۆیان دەیانەوێ قەبووڵ بکەن.

ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی سەرکۆماری و هێندێك ئەزموونی دیکەی هەڵبژاردنەکانی ئێران دەریان خستوە کە سیستمێکی نادێموکراتیك و سەرەڕۆ رەنگە بۆ ماوەیەکیش بتوانێ پرەنسیپ و رێوشوێنە دێموکراتیکەکان چەواشە بکا، بەڵام ناتەبایی پرەنسیپەکانی ئەم سیستمە لەگەڵ رێوشوێنە دێموکراتیکەکان کە ئامرازگەلی دێموکراسی وەك سیستمێکن، دەتوانێ هەڕەشەیەکی راستەقینەی بۆ سەرەڕۆیی لێ بکەوێتەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە سی ساڵە بە چەواشەکردنی ئامانجەکانی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران و سەپاندنی فەزایەکی تاکدەنگی و پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ و لە ئاکامی پاکتاوکردنی ناتەبایی ئەم سیستەمەو بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ پرەنسیپە دێموکراتیکەکان و ویست و دەنگی خەڵك کە لە ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنەدا رەنگی دایەوە، یان باشتر بڵێین ئاکامە چاوەڕوان کراوەکانی ئەم هەڵبژاردنە کە ئێران و بەتایبەت شارە گەورەکانی گرتۆتەوە نیشانەی ئەو راستییەیە کە سەرەڕۆیی هەرچەند پشتی بە هێزی سەرکوت قایم بێ ناتوانێ لەگەڵ ویستی کۆمەڵانی خەڵك بەربەرەکانی بکا.

ئەوەی روونە ئەوەیە کە بە پێی سەرجەم گرووپەکانی ئۆپۆزیسیوندا گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانیان بۆ خۆیان قۆرغ کردوە، ئەگەرچی لەم هەڵبژاردنەشدا رێگەیان بە تاکی ئازادو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی دەسەڵات نەدا بێتە نێو رکەبەرییەکانی هەڵبژاردنەوە، بەڵام هەر چۆنێك بوو ناچار بوون لانیکەم بۆ جارێکی دیکە لە رێگەی کاندیدای خۆیانەوە (واتە ئەحمەدی نژاد) لەگەڵ کاندیداکانی ئۆپۆزیسیونی نێو دەسەڵات بکەونە ململانێوە. پاوانخوازانی پەرۆش کرد بوو، وای لێ کردن بە پێی سیناریۆیەکی رەش ئەم جارەیان بە وەڕێ خستنی کودیتایەك دەنگی دەیان میلیۆنیی خەڵك چەواشە بکەن. بەڵام کاردانەوەکان بەم کودیتایەی رێبەری رێژیم و ئەحمەدی نژادو بەگشتی پاوانخوازان دەری خست کە ئەوان لە تاقی کردنەوەی ئەم میتۆدە پرشووورەییەشدا سەرکەوتوو نەبوون. ئەو ناڕەزایەتییە بەرینەی سەرانسەری هەموو لێکدانەوەکان ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان کە بەر لەوەی جێبەجێ بکرێ هێندێك جیاوازیی بەرچاوی تێدا بەدی دەکرا کە وای لە کۆمەڵانی خەڵك کرد بە ئامانجی دروست کردنی "گۆڕان" بەشدارییەکی بێ وێنەی تێدا بکەن، بۆتە سەرەتای قۆناخێکی سیاسیی نوێ لە مێژووی ئێراندا. قۆناخێك کە لەوانەیە لەودا چارەنووسی سیستمی باڵادەست لە ئێران بەرەو ئاقارێکی نادیار بڕوا. سەرەکیترین




تایبەتمەندیی ئەم قۆناخە بریتییە لە: یەکەم، رووبەڕوو بوونەوەو ململانێیەکی قووڵ و بەرفراوانی خەڵك و دەسەڵات کە تەنانەت سەرکوتیش ناتوانێ کۆتایی پێ بێنێ و بەدڵنیاییەوە لەودا کۆمەڵانی خەڵك سەرکەوتووی مەیدانەکەن دووەم، وەدەنگ هاتنی رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی نێو سیستم لەو کودیتایەی لە دەنگی خەڵك کراوە. هەر دووکی ئەم تایبەتمەندییانەش لە لایەك پەرە بەو کەلێنە گەورەیە دەدەن کە لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا هەیەو لە لایەکیش دەتوانێ ململانێیەکانی نێو سیستمی باڵادەست هەرچی زیاتر قووڵ بکاتەوە.

ئەوەی لەم نێوەدا گرنگەو یارمەتی بە ئاکام گەیشتنی ئەم ناڕەزایەتییە بەرینە کۆمەڵایەتییە دەدا کە لەو کودیتا رەشە کەوتۆتەوە لە لایەك بەستراوەتەوە بە بەردەوامی و خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵك و رێنیشاندەریی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە لایەکی دیکەشەوە بەستراوەتەوە بە جیددی بوونی هەر دوو کاندیدای ریفۆرمخواز لەسەر پارێزگاری کردن لە دەنگی خەڵك و رێبەریی کردنی ئەو کەسانەی کە دەنگیان پێداون و ئەوانیش لەبەر وەمەترسی کەوتنی بەرژەوەندەکانی نیزام (وەك خاتەمی) پشت لە دەنگی خەڵك نەکەن و لە پێشەوەی ئەوان بن.

ئەوەی پێوەندی بە سەرانی ئەم کودیتایەوە هەیە ئەوەیە کە ئەوان لە بەردەم چەند ئەگەری سەرەکی دان:

١- یان رازی بن لە ئاکامی گوشاری خەڵکی ناڕازیدا پێداچوونەوە بە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا بکرێ، کە لەم حاڵەتەدا رازەکانی کودیتاکەیان بە تەواوی ئاشکرا دەبێ و ئەوەندەی دیکە لە بەرچاوی خەڵك و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا ریسوا دەبن.

٢ـ مل بە هەڵبژاردنێکی دیکە بدەن، کە ئەوەشیان بە پاشەکشەو ریسوایی زیاتری ئەوان لەقەڵەم دەدرێ و دواجار ناچاریان دەکا ئاکامە تاڵەکانی هەڵبژاردنێك کە لەودا بە دڵنیاییەوە دۆڕاون قبووڵ بکەن.

٣- یان بە پێداگرتن لە سەر ئەم رێچکەیەی گرتوویانەتە بەر درێژە بە جێبەجێ کردنی بەشەکانی دیکەی سیناریۆی کودیتا بدەن.

بە پێی تایبەتمەندییەك کە هەموو سیستمە سەرەڕۆو دژەگەلییەکان و یەك لەوان کۆماری ئیسلامی هەیەتی، زۆر دوور لە چاوەڕوانی دەنوێنێ کە کودیتاچییەکان کە بە هەموو شێوەیەك پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆیان دەکەن مل بۆ ئەوە راکێشن بە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا بچنەوە یان رازی بن هەڵبژاردنێکی دیکە بکرێتەوەو ئەم هەڵبژاردنەو ئاکامەکانی هەڵوەشێتەوە. بۆیە ئەوەی شیاوی پێشبینییە ئەوەیە کە بۆ چەسپاندنی ئاکامەکانی کۆدێتاکەیان و لە راستیدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی رەشیان درێژە بە سەرکوتی خەڵکی ناڕازی بدەن. لەم بارەیەوە سەرکوتی توندوتیژو خوێناویی خۆپێشاندانەکان بەڵگەی راستیی ئەم بۆچوونەیە.

کەواتە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ئەگەرەش کە کاندیداکانی بەرەی ریفۆرمخواز نەتوانن یان نەوێرن ئەو بزووتنەوە بەرینە جەماوەرییە کە بە ئامانجی "گۆڕان" وەڕێ کەوتوە رێبەری بکەن، چاوەڕوان ناکرێ خەڵکی ناڕازی واز لە داخوازییەکانیان بێنن. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەگەریش ململانێی باڵەکانی نێو دەسەڵات خاو بێتەوە، ململانێی خەڵك و پاوانخوازانی سەرەڕۆ بەو پێیە کە چۆتە قۆناخێکی بە تەواوی نوێ و جیددییەوە، بەردەوام دەبێ.

# وەڵامێکی دۆستانە بۆ ناوەندی چاوەدێری کوردۆساید (چاک)

رۆژی ٦ی ژوئەنی ٢٠٠٩ ناوەندی چاوەدێری کوردۆساید (چاك) بە دەرکردنی راگەیەندراوێك هێندێ رەخنەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان گرتوە کە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ کەوتۆتە (یان خراوەتە) هێندێ هەڵەی زەقی سیاسی و مێژووییەوە. جگە لەوەش، هەرچەند بۆ خۆی دەڵێ "ئەرکی رێکخراوی ئێمە... تەداخوڵ لە ئەرك و کاری هیچ حیزب و لایەنێك نیە..." بە شێوەیەکی نامەنتیقی هێرشی کردۆتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و تاوانی "پاکانە بۆ سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان"ی داوەتە پاڵ. بۆیە وەڵامدانەوەیەکی کورت و دۆستانەمان لە چەند خاڵدا بە پێویست زانی.

١ـ هەڵوێستێك کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆماری گرتوویەتی، لە بەیاننامەیەکی هاوبەش لەگەڵ پارتی ئازادیی کوردستان دا دەرچووە. ئەگەر ناوەندی چاك ئەو سەنەدەی دیوەو بێ تەئسیر وەرگرتن لەمولەو بۆچوونی خۆی دەربڕیوە، چۆنە ناوی پارتی ئازادیی کوردستانی "لەبیر چووە"!!

٢ـ ئەگەرچی لە عورفی هەڵبژاردن دا داوای پشتیوانی لە کاندیدایەك تاوان نیە، بەڵام لە هەڵوێستی هاوبەشی حدك و پاك دا پشتیوانی لە هیچ کاندیدایەك نەکراوە و بڕیار دراوەتە دەستی دەنگدەرانی وشیار و بێداری کورد. ناوەندی چاك، ئەو تۆمەتەی لە کوێ وەرگرتوە و چۆنی کردۆتە "پاکانە بۆ سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان"؟

٣ـ ئەو کاتەی کورد لە رۆژهەڵات کۆماری کوردستانیشی دامەزراندبوو، حیزبی بەڕێوەبەری کۆمار ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و داوای جیابوونەوە لە ئێرانیشی نەدەکرد (وتووێژی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ رۆژنامەکانی تاران). ناوەندی چاك لە رووی چ بەڵگەیەکەوە لابردنی وشەی ئێران لە ناوی دێموکرات دەکاتە نیشانەی خۆ بە ئێرانی نەزانین. داخوا پرۆگرام و راپۆرتی کومیتەی ناوەندی و بڕیارنامەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دیوە یان هەروا چێو لە تاریکی دەکوتێ؟

٤ـ لە هەڵبژاردنی دووی جۆزەردان دا حیزبی دێموکرات کە وەك ئێستای زۆر لایەن لە هەلومەرجی نێوخۆی وڵات بێئاگا بوو، ئەو هەڵبژاردنەی بایکوت کرد. ناوەندی چاك بە پشتیوانیی چ بەڵگەیەك ئیددیعا دەکا کە پشتیوانیان لە محەممەدی خاتەمی کردوە؟

٥ـ ناوەندی چاك کە رێکخراوێکی مەدەنییە و کاری مرۆڤدۆستانە دەکا دەبوایە حیسێبێکیش بۆ هەڵوێستی چالاکانی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و، بە تایبەتی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان کە هەر ئێستا سەرۆکەکەی و ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی لەگەڵ زیندان و پەروەندەسازیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوروون، بکا. دەبوایە ئەم ناوەندە لەخۆی پرسیبا هۆی چیە ئەو رێکخراوە و چالاکانی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەو هەمووە گرفت و کۆسپەی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆیان دروست کراوە و دەکرێ، داوای بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردن دا و، بەرەو پێشبردنی داخوازە رەواکانیان لەم رێگایەوە دەکەن؟ ئایا ئەوانیش بۆ "چەواشەکاری" و "پاکانە بۆ سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان" ئەم هەڵوێستەیان گرتوە؟ بەراستی ئەم راگەیەندراو و روانگەیەی ناوەندی چاك چ خزمەتێکی کاری مەدەنی و مرۆڤدۆستانە دەکا و تا چەند لەگەڵ ئەرکەکانی رێکخراوی ناوبراو دەگونجێ؟!

٦- بەداخین کە ناوەندی چاك تەنانەت ئەوەندەی زەحمەت بە خۆی نەداوە بە قسە کردن لەگەڵ بەرپرسێکی حیزبی دێموکرات لە چۆنیەتیی هەڵوێستی حیزب ئاگادار بێ و هەروا لە خۆوە تۆمەت لێ دەداو بە قەولی خۆی "چەواشەکاری" دەکا.

خۆزگە (چاك)یش و ئەوانەش کە ئەویان بە هەڵە بردوە، باشتر لە مانای ئازادی و دێموکراسی و پلۆرالیزم و بە گشتی مەفهووم و زاراوە سیاسییەکان ورد دەبوونەوە و رێزێکیان بۆ رای بەرابەر و لایەنی بەرابەر و هەڵوێستی بەرابەر دادەنا.

ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین و داوەری بە خەڵکی وشیاری کوردستان دەسپێرین.

**کۆمیسیۆنی راگەیاندنی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٣٨٨/٣/٢٠**

**(٢٠٠٩/٦/١٠)**

# دەیەمین هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی ئێران و چەند سەرنجێك

عەلی بداغی

جیاوازییەکانی دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئێران هەر لە سەرەتاوەو لە زۆر لاوە دیارو بەرچاو بوو کە گرنگترینیان لە لایەکەوە دوای بایکۆت و لە لایەکی دیکەوە بانگەشەو پڕوپاگەندە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بوو.

کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگە کە دوابەدوای وەدی نەهاتنی لانیکەمی گۆڕانەکان بە هۆی بزواتی ڕێفورمخوازییەوە تووشی جۆرێ داماوی و هیوابڕاوی هاتبوو ئەو دۆخە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین خولی سەرۆك کۆماری و هاتنە ئارای کاراکتێری ئەحمەدی نژادی لێ کەوتبۆوە، ئەمجارەیان بەهەست کردن بە مەترسی و بە سەرنجدان بە ناکارامەیی سیاسەتی تەحریم و بایکۆت، هەموو هێزە گۆڕانخوازەکان و تەنانەت بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی نەیاری کۆماری ئیسلامییش تێکڕا لە سەر بابەتی بەشداری کردن بە مەبەستی وەلانانی ئەحمەدی نژادو هێنانە ئارای گۆڕان هاتنە نێوکایەی هەڵبژاردنەکانەوە.

کەشی هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆك کۆماری لە چەند ڕووەوە گرینگ و تایبەت بوون:

ـ هەم لە بانگەشەکانی بەربژارەکانداو هەم لە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵك دا زۆرترین و بانترینی ئاستەکان بەرچاو کەوتبوو. کۆمەڵانی خەڵك لە ڕێگەی حیزبەکان، ڕێکخراوو سەندیکاو گرووپەکانی خۆیانەوە داوا سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو مەدەنییەکانیان لەگەڵ بەربژارەکان دەهێنانە گۆڕێو بەربژارەکانیش وادەو بەڵێنەکانیان تا سنووری بەزاندنی هێڵە سوورەکانیش بردە سەرێ، بۆ وێنە مووسەوی وێڕای بەڵێنی گەڕاندنەوەی کەسێتیی حقووقی بۆ هاووڵاتییان و کرانەوەی کەشی سیاسی باس لە واژۆ کردنی کۆنڤانسیۆنی ژێنێڤی لە ئەگەری هەڵبژاردنی بە سەرۆك کۆماریی ئێراندا کرد.

کەڕووبی وادەی بەشدار کردنی بژاردەو کەمایەتییە نەتەوەییەکانی لە بەڕێوەبەریی (کەلان)ی حکوومەتی بە " کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی یەکان"ی دەداو پێی لەسەر لابردنی هەرچەشنە ستەمو جیاوازی دانانێك لەسەر بنەمای قەومی و ئایینی دا دەگرت. موحسین ڕەزایی چەند هەنگاو لەوە زیاتریش چووە پێشو گوتی: ئەگەر ببمە سەرکۆمار، ئەوە ئێران بەسەر نۆ ناوچەی فیدراڵیی ئابووری دا دابەش دەکەمو بەڕێوەبردنی هەرکام لەو ناوچانەش بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەسپێرم.

ـ بابەتی فرەنەتەوەیی ئێرانو وەك خۆیان گوتەنی "جۆراوجۆریی قەومی" لە لایەن بەربژارەکانەوەو لە پڕۆپاگەندەکانی ئەوان دا سەرنج و گرینگیی تایبەتیی پەیدا کرد. کەڕووبی و مووسەوی، بەربژارەکانی سەر بە باڵەکانی سەر بە ڕەوتی ریفۆرمخوازیی حکوومەتی هەرکام بە دەرکردنی بەیاننامەی هەشت ماددەیی و سێزدە ماددەیی فوکوسیان لەسەر پرسی نەتەوەیی و سڕینەوەی هەڵاواردنە مێژووییەکان لەسەر نەتەوە بن دەستەکانی ئێرانی دەکرد. ئەحمەدی نژادو ڕەزاییش بە لەبەر کردنی جلوبەرگی خەڵکانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای وڵات لە دانی دروشم و وادەو بەڵێن کەمیان نەهێناو هێنانە گۆڕیی ویست و داخوازەکانی خەڵکانی ئەو ناوچانەیان کرد بووە ئاوردووی تەندووری هەڵبژاردنەکان. ڕۆڵی ژنان لەکەشوهەوای هەڵبژارنەکان دا تۆخ و بەرچاو بوو. لەو نێوەدا هەم ڕێکخراوەو گرووپ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی ژنان بە فورمولە کردن و خستنە بەر باسی داواکانیان بۆ بەربژارەکان و بەتایبەت بۆ دوو بەربژاری ڕێفۆرمخواز بە قورسیاییەوە هاتنە نێو کایەکەو بەربژارەکانیش وێڕای پشت بەستن و مەیدان پێدان بەژنانی دیار لە ستادەکانی هەڵبژاردن دا بەشدار کردنی ژنان لە پۆستە کلیدییەکانی حکوومەت و تەنانەت پەیوەست بوون بە کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاوی ژنێڤیان خستبووە بەرنامەکانی خۆیانەوە. ئەمەش ڕۆڵی بەرچاوی لە هێزمەند کردنی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی دوو پاڵێوراوی ریفۆرمخوازو کۆکردنەوەی پشتیوانی ژنان بۆ ئەو جووتە بەربژارە گێڕا.

"مناظره" لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی دا یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان لە ئێران بوو. بوونی ئەو "مناظره" دووقۆڵیانە وێڕای گەرموگوڕی بەخشین بە کەشی هەڵبژاردنەکان لە چەند لاوە، کۆمەڵە دەرەنجامێکی بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لێ کەوتەوە. لە قاو دان و ئاشکرا کردنی گەندەڵییە ئابوورییەکان بە هۆی بەرپرسە هەرە پایەبەرزەکانی حکوومەتی و لە لایەن بەربژارانی هەڵبژاردنەکانەوە کە بۆ خۆشیان لە مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم و دامودەزگای حکوومەتی بوون، شکاندنی ئەو تابۆو بەزاندنی ئەو هێڵە سوورانە لە لایەن خودی بەربژارانەوە کە پێشتر باس کردنیان باسی سەرو سزای قورسی بە دواوە بوو، دانانان بە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هێنانە گۆڕی ئامارو ئەرقامی پێوەندیدار بە بێکاری، ئاوسان، گرانی و چەواشەکارییەکانی ڕێژیم کە پێشتر حاشایان لێ دەکرا، دەکرێ وەك دەسکەوتێك بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابنرێ کە دواتر چالاکانی مەدەنی بەپشت بەستن بەو فاکت و دیکومێنتانە دەتوانن خەبات و بزاوتی خۆیان بەرنە پێش.

ـــ کەشی هەڵبژاردنەکان لە کوردستاندا تایبەت و جیاواز بوو. کارو کردەوەکانی ئەحمەدی نژاد لە ٤ ساڵی رابردوو لە تەنیشت کارنامەی لاوازی ڕێفورمخوازەکان لە ماوەی ٨ ساڵی دەسەڵاتدارەتییان دا لە سەرەتادا جۆری ساردی و سڕی و خەم ساردی و بێ تەفاوەتیی گشتیی خەڵکی بەنیسبەت ئەو هەڵبژاردنانەوە لێ کەوتبۆوە. بەڵام لە نێو کۆمەڵی بژاردەکان و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دا گەرموگوڕییەکی کەم وێنەو شەپۆلێکی نوێ بەمەبەستی گۆڕین وەڕێ کەوتبوو کە سەرچاوەکەی بۆ داخراو بوونی کەشی سیاسی، سیاسەتی سەرکوت و بەهێند نەگرتنی ماف و داخوازو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن حکوومەت و خەبات لە پێناو گۆڕینی ئەو دۆخە ئاراییە دەگەڕاوە. دەرکردنی بەیاننامەیەك لە لایەن کەڕووبی، پاڵێوراوی ریفۆرمخواز کە بە دوای دانیشتنی یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و بەرەی یەکگرتووی کورد لەگەڵ ناوبراو بڵاوکرایەوەو تێیدا بە ئاشکراو ئەگەرچی بە لانیکەم وادەی سڕینەوەی مافکوژی و پێشێلکارییەکانی ماف بە ژنان و نەتەوە بندەستەکان و شوێنکەوتووانی کەمینە ئاینییەکان درابوو، کەشی هەڵبژاردنەکانی خستە فەزایەکی دیکەوە.

نزیك بە تەواوی ڕێکخراوە مەدەنی و خوێندکارییەکانی چالاك و شوناس خوازی گۆڕەپانی نێوخۆی کوردستان، پشتیوانیی خۆیان لە بەربژارەکانی ڕێفورمخوازو بەتایبەت کەڕووبی ڕاگەیاند. لە دەرەوەی وڵات و لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی نەیاری ڕێژیمیشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان سیاسەتی بایکوتی هەڵبژاردنەکانیان وەلا ناو خەڵکی کوردستانیان بۆ بەشداریی لە خەباتێکی مەدەنی بە ناوی قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکانی هەڵبژاردن بۆ هێنانەگۆڕو داواکردن و دەستەبەر کردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکان هاندا. لە وەها کەشێکی خولقاوو کاربۆکراوداو لە کوردستانی شوناس خوازدا ئیدی هەڵبژاردنەکان، فازی هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر یان دەنگی دژدان بە هەڵبژاردەو بەربژێری نیزامی تێپەڕاندو لە فازی نوێدا هەلی دەنگدان بە ویست و داخوازە ڕەواکان هاتە کایەوەو لانیکەمی ئەم ماف و داخوازییانە لە بەرنامەو لێدوان و قسەکانی دوو بەربژاری ریفۆرمخوازدا ڕەنگی دابۆوە.

ــ بە گشتی هەموو ئاراستەکانی هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرکۆماریی ئێران هەوڵدان بۆ گۆڕین و گۆڕان و تێپەڕین لە دەسەڵاتی دژی گەلی و دژە مرۆڤی و قەیرانسازی ئەحمەدی‌نژادو بازنەی بڕیاردانی ئێستای وڵات بوو. ئاراستەکان وایان دەردەخست کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیە لە فۆرمی خۆیدا جۆرە ریفراندۆمێك و "نا" گوتنێکی گشتی بەو جۆرە بەڕێوبەرییەی وڵاتە کە ئەحمەدی‌نژادو ڕێبەریی ڕێژیم نوێنەرایەتیی دەکەن.

ئاکامی هەڵبژاردنەکان، پێشاندەری ئیرادەو ویستێکی گەورە بۆ گۆڕان لە نێو خەڵکی ئێراندا بوو. خەڵکی ئێران بە دژایەتی کردنی ئەحمەدی نژاد کاندیدای قۆڵی کۆنەپارێزو پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی، هەوڵیان دا پاشەکشە بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بکەن و ڕێگە بۆ گۆڕان لە کەشوهەوای وڵاتدا خۆش بکەن. بەڵام بڕیار بەدەستانی ئەو ڕێژیمە تەنانەت ڕێگەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەشدا نادەن، هەر بۆیە لە دژی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و لە دژی دەنگەکانی خەڵکی ئێران، کودیتایان کردو ئەحمەدی نژادیان وەك براوەی ئەم هەڵبژاردنە ڕاگەیاند. بەڵام خەڵکێك کە بەو گەرموگوڕی و شێلگیرییەوە بە نیازی گۆڕان هاتبووە نێو ململانێی هەڵبژاردن، ملی بۆ ئەم کودیتایەو بێ ڕێزی بە دەنگەکانی خۆی نەدا. هەر بۆیە لە سەرانسەری ئێران لە دژی ئەم کودەتایە هاتنە سەر شەقامەکان.



## بانگەواز

## لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی کۆمەڵێك بەندیی سیاسیی کورددا

لە نێو بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە سەدان ڕۆڵەی کورد هەن کە بە تاوانی ئازادیخوازی و تێکۆشان لە دژی دیکتاتوری و ستەم و جیاوازیدانانی نەتەوەیی، گیراون و، ساڵانی تەمەنیان لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو بێبەشی و دوور لە زێدو ئازیزانیاندا تێپەڕ دەکەن.

ژمارەیەك لەوان کە لەم یەك دوو ساڵەی دوایی دا گیراون، بە هۆی چالاکبوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و تێکۆشانی بوێرانەی ڕاگەیەنە ئازادەکان، هەروەها بە هۆی زاڵمانە بوونی حوکمی داسەپێندراو بەسەر ئەواندا، تا ڕادەیەك کەوتوونە بەر سەرنجی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕاگەیەنەکانی جیهان. بەڵام هێشتا زۆر بەندیی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەن کە لە ساڵانی پێشوودا گیراون و، بەداخەوە هەتا ئێستاش لە لایەن میدیای ئازادو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، سەرەڕای بارودۆخی دڵتەزێنیان لە بەندیخانەکانی ئەو ڕێژیمەدا، بە تەواوی لە بیر چوونەوە. زۆر لەو بەندییە سیاسییانە، دوور لە هەموو ڕێوشوێنێکی ئینسانی و دادپەروەرانە، بازجوویی و محاکمە کراون و، حوکمی قورس و زاڵمانەیان بەسەردا سەپێندراوە. سەرەڕای هەمووی ئەمانەش، بەمەودایەکی زۆر دوور لە زێدی خۆیان و لە بارودۆخێکی سەخت دا زیندانی کراون. بەندییە سیاسییە کوردەکانی بەندیخانەی یەزد، نمونەیەك لەو زیندانییە فەرامۆشکراوانەن، ئەو بەندییە سیاسییانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرنجی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، میدیاکانی کوردستان، ئێران و جیهان و، بیروڕای گشتیی دنیای بۆ لای بارودۆخی دڵتەزێنیان ڕادەکێشێ، بریتین لە:

١ ـ والی درووودی، خەڵکی گوندی چرۆسانەی بێڵەواری کامیاران، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان (کە بە بریندراری گیرا و کەوتە زیندان)، حوکمی ئەبەدی پێ دراوەو ١٤ ساڵە لە زیندانەکانی دیزل ئاباد و یەزد دایە.

٢ ـ عومەر ئیمانی، خەڵکی کەلاشی جوانڕۆ، حوکمی ئەبەدی پێ دراوە و ١٤ ساڵە، بەند کراوەو ئێستا لە زیندانی یەزد دایە.

٣ـ محەمەد مورادی،خەڵکی سەرپێڵی زەهاو حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی پێ دراوە ١٤ساڵە لە زیندانی یەزد دایە.

٤ـ عەلی ساڵحی، خەڵکی سەرپێڵی زەهاو، بە ٢٠ساڵ زیندانی مەحکووم کراوەو ئێستا لە زیندانی یەزد دایە.

٥ـ یاسر ئیبراهیمی، خەڵکی پاوە بە ١٠ساڵ زیندان مەحکووم کراوە و سێ ساڵە لە زیندانی یەزد دایە.

٦ـ کەریم زارعی، خەڵکی ئاوایی گەلین، سەربەناوچەی ژاوەرۆی سنە، بە یازدەساڵ زیندان مەحکووم کراوەو سێ ساڵە لە زیندانی یەزد دایە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی یارمەتی بۆ لای ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و سەرجەم حیزب و ڕێکخراووکەسایەتییە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکان لە کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان درێژ دەکاو، داوایان لێ دەکا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەبۆنەی پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی ئەم ڕۆڵە تێکۆشەرانەی کوردستان و لە بەندهێشتنەوەیاندا، مەحکووم بکەن. دەبێ ئەو ڕێژیمە بخرێتە ژێر فشار بۆ ئەوەی ڕێگا بدا چاوەدێرانی مافی مرۆڤ و ڕاگەیەنەکان چاویان بەم بەندییە سیاسیانە بکەوێ و دنیا لە وەزعیان ئاگادار بکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها داوا دەکا ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هەموو ئەو لایەن و کەسایەتییانەی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، بە دژی پێشیلکردنی مافی مرۆڤ و بە داکۆکی لە مافی هاونیشتمانان تێکۆشانیان هەیە، ئاوڕ لە وەزعی ئەم چەند بەندییە سیاسییەو سەرجەم بەندییە سیاسییە فەرامۆشکراوەکان بدەنەوەو، هاواری زۆرلێکراویی ئەوان بگەیەننە گوێی بیروڕای گشتیی دنیا. نابێ چی دیکە ڕێگە بە بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە بدرێ ئازادیخوازان و جیابیران لە بێدەنگیداو بەرەبەرە، لە نێو ببا.

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٩ی جۆزەردانی ١٣٨٨**

**٩ی ژوئەی ٢٠٠٩**

# کاریگه‌ریی باڵی چه‌کداری له‌ سه‌ر بزاڤی شوناسخوازنه‌ی باکووری کوردستان

ئارام ئیبراهیم خاس



له‌دوای ساڵی ١٩٩٩و به‌ دیل گیرانی به‌ڕێز ئۆجه‌لان له‌ گه‌له‌کۆمه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی ١٥ی شوبات، له‌ نێو پارتی کرێکارانی کوردستان چ له‌ باری تیۆری و چ له‌ رووی پراتیکه‌وه‌ ئاڵوگۆڕی به‌رین هاتنه‌ ئاراوه‌. PKKبه‌پێی رێنوێنییه‌کانی ئۆجه‌لان له‌ ئیمرالییه‌وه‌، سه‌ره‌تا تێزی کۆماری دێموکراتی دواتر کۆنفدرالیزمی دێموکراتێکی په‌سند کرد، ئاڵوگۆڕه‌کانی ته‌نیا به‌ مه‌سایلی تیۆریك و فیکری نه‌وه‌ستان و باڵی چه‌کداری بزاڤی باکوور چاوی به‌سه‌ر شه‌ڕی ١٥ ساڵه‌ی خۆی له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی تورکیادا خشانده‌وه‌و شه‌ڕی PKK له‌ ستراتیژی بۆ رزگاریی نه‌ته‌وه‌یی، بوو به‌ تاکتیك له‌و پێناوه‌دا. واته‌ پێناسه‌ی نوێ له‌ پرۆسه‌ی خه‌باتی PKK دا هاتنه‌ ئاراوه‌،PKK وازی له‌ ئامانجی کوردستانی گه‌وره‌ هێناو له‌ خانه‌ی خه‌باتی چه‌کدارییش دا که‌وته‌ خانه‌ی پاراستنی ره‌وا. له‌و قۆناغه‌ زه‌مه‌نییه‌ دا واته‌ له‌ دوای گیرانی" ئاپۆ" تا ١ی حوزه‌یرانی ٢٠٠٤ ، بزاڤی مه‌ده‌نیی باکوورو شه‌قامی باکووری کوردستان تووشی" رکود" و بێ ده‌نگییه‌کی سه‌مه‌ره‌ ده‌بێ و ده‌سه‌ڵاتدارانی تورکیش له‌و ماوه‌یه‌دا به‌ هه‌موو چه‌شنێك هه‌وڵی سه‌رکوت کردنی گه‌لی کوردیان له‌ باکوور داوه‌. له‌نێو

**به‌ کلتوور کردنی خه‌بات بۆ خه‌ڵکی باکوور له‌ لایه‌ن PKK و زیندوو کردنه‌وه‌ی ئه‌و بایه‌خ و نۆرمه‌ نه‌ته‌وه‌ییانه‌ی به‌ درێژایی مێژووو ته‌مه‌نی کۆماری تورکیا له‌ لای کورد نامۆ بوون وای کردوه‌ ئه‌و خه‌ڵکه‌ له‌ پرۆسه‌ی خه‌باتی هه‌نگاو به‌هه‌نگاو دا فێری شێوه‌ خه‌باتێکی سه‌رده‌میانه‌ بێ، چه‌شنه‌ خه‌باتێك که‌ له‌ سه‌ر شه‌قامی کوردییه‌و پێی ناوه‌ته‌ قۆناغی ئیراده‌گه‌رایی نه‌ته‌وه‌یی و زۆر زیاتر له‌ چه‌ك له‌ خزمه‌ت چاره‌سه‌ری دۆزی کورد دایه‌**

کێشه‌کانی دواتری AKP و که‌مالیسته‌کان لێره‌وه‌ سه‌رهه‌ڵده‌دا. ئه‌رته‌ش له‌ تورکیا وه‌ك ده‌سه‌ڵاتێکی به‌هێزی سه‌ربزێو هیچ کات ناچێته‌ ژێر رکێفی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی، هه‌ڵوێستی ئه‌رته‌ش له‌به‌رامبه‌ر AKPش ئه‌و راستیه‌ی سه‌لماند. له‌ ساته‌وه‌ختی له‌ خۆبایی بوونی ده‌سه‌ڵاتدارانی تورك و ژنراڵه‌کانی دوویه‌مین ئه‌رته‌شی گه‌وره‌ی ناتۆ، لێدوانی " ئیلکه‌ر باش بوغ" فه‌رمانده‌ی ئه‌رکانی ئه‌رته‌شی تورك سه‌باره‌ت به‌ لاوازیی هێزی گه‌ریلاو نه‌بوونی توانایی بۆ ئه‌نجام دانی چالاکی له‌ لایه‌ن PKK وه‌ له‌ یه‌کی حوزه‌یرانی ٢٠٠٤ چالاکی گه‌وره‌و حه‌ماسی " بێ زه‌ل" ی لێ که‌وته‌وه‌.

یه‌کی حوزه‌یران رۆژی بوژانه‌وه‌ی سه‌ر له‌ نوێی PKK و بزاڤی باکوورو به‌ ته‌عبیری سه‌رکرده‌کانی PKK ١٥ی ته‌باخێکی دیکه‌ له‌ سه‌ده‌ی ٢١ دا بوو. جموجۆڵی مه‌ده‌نی و خۆپیشاندان و به‌جه‌ماوه‌ری بوونی خه‌بات ته‌شه‌نه‌ی سه‌ندو PKK توانی پێگه‌ی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تیی خۆی سه‌رله‌ نوێ له‌ نێو خه‌ڵکی باکوور دا" دابڕێژێته‌وه‌ " ئه‌و هه‌لومه‌رجه‌ پێویستیی بوونی رێبه‌رایه‌تی له‌ نێو خۆی وڵات و دامه‌زرانی باڵی لیگالی بزووتنه‌وه‌ی کوردی نیشان داو له‌ ئاکامدا پارتی کۆمه‌ڵگه‌ی دێموکراتیك (DTP) له‌ ساڵی ٢٠٠٥ له‌ سه‌رده‌ستی ئه‌حمه‌د تورك و کۆمه‌ڵێك که‌سایه‌تیی خۆشناوو سیاسیی کورد ئاوا کرا. چالاکییه‌کانی PKK له‌ دوای یه‌کی حوزه‌یران ٢٠٠٩ وه‌ سه‌لمێنه‌ری مامه‌ڵه‌ کردنی دروستی PKK له‌گه‌ڵ رووداوو هاوکێشه‌ سیاسییه‌کان له‌ ئاستی تورکیا و کوردستانه‌. ئاگربڕه‌ یه‌ك لایه‌نه‌کانی PKK و هێنانه‌ ئارای پرۆژه‌ی ئاشتی له‌ ئیمرالییه‌وه‌و هێنانه‌ به‌ر باسی چاره‌سه‌ری دێموکراتیك له‌ لایه‌ن DTP یه‌ك که‌ شه‌رعییه‌تی له‌ ده‌نگی خه‌ڵکی کوردستان وه‌رگرتووه‌، که‌ پرسی کورد له‌ رێگه‌ی سه‌ربازییه‌وه‌ چاره‌سه‌ر ناکرێ. ئه‌و رێگه‌یه‌ی که‌ تورکیا له‌ چاره‌که‌ سه‌ده‌ی رابردوودا له‌هه‌مبه‌ر PKK و گه‌لی کورد دا گرتوویه‌ته‌ به‌رو له‌و ماوه‌یه‌دا زیاتر له‌ ٣٠٠ میلیارد دۆلاری بو سه‌رکوتی بزاڤی رزگاریخوازانه‌ی کوردستان ته‌رخان کردوه‌. ئه‌مانه‌ گشتیان سه‌لمێنه‌ری ئه‌و راستیه‌ن گرتنه‌به‌ری رێگه‌ی کلاسیکی سه‌رکوت و حاشاکردن له‌ پرسی کورد نه‌ته‌نیا ناتوانێ یارمه‌تیده‌ری تورکیا بێ، به‌ڵکوو رێگه‌ خۆشکه‌ری درێژه‌ی توندوتیژی و له‌ ئاکامدا پارچه‌ پارچه‌ بوونی ئه‌و وڵاته‌یه‌. له‌ راستیدا به‌ کلتوور کردنی خه‌بات بۆ خه‌ڵکی باکوور له‌ لایه‌ن PKK و زیندوو کردنه‌وه‌ی ئه‌و بایه‌خ و نۆرمه‌ نه‌ته‌وه‌ییانه‌ی به‌ درێژایی مێژووو ته‌مه‌نی کۆماری تورکیا له‌ لای کورد نامۆ بوون، وای کردوه‌ ئه‌و خه‌ڵکه‌ له‌ پرۆسه‌ی خه‌باتی هه‌نگاو به‌هه‌نگاو دا فێری شێوه‌ خه‌باتێکی سه‌رده‌میانه‌ بێ، چه‌شنه‌ خه‌باتێك که‌ له‌ سه‌ر شه‌قامی کوردییه‌و پێی ناوه‌ته‌ قۆناغی ئیراده‌گه‌رایی نه‌ته‌وه‌یی و زۆر زیاتر له‌ چه‌ك له‌ خزمه‌ت چاره‌سه‌ری دۆزی کورد دایه‌. رۆڵی پۆزه‌تیڤی باڵی لێگاڵی بزاڤی باکوور، به‌ تایبه‌ت له‌ دوای سه‌رکه‌وتن له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کان و به‌رپایی چه‌ندین متینگی گه‌وره‌ی پرۆتێستۆیی هاوکات له‌گه‌ڵ گوشارو سه‌رکوتی لایه‌نگران و ئه‌ندامانی DTP سه‌لماندی شه‌قامی باکوور شه‌قامێکه‌ که‌ خه‌بات لێی دانامرکێ. بوونی هێزی گه‌ریلا له‌ شاخ وه‌ك ده‌زگایه‌کی گوشار و میکانیزمێکی فیزێکی رۆڵی کاریگه‌ری له‌ پشتگیریی بزاڤی لیگال و مه‌ده‌نی له‌ نێو خۆی وڵات هه‌یه‌. گرتنه‌به‌ری سیاسه‌تێکی ئوسوولی له‌ لایه‌نPKK و گه‌یشتنی رێبه‌رانی بزاڤ به‌و قه‌ناعه‌ته‌ ئه‌وشته‌ی که‌ پێویست بوو واته‌ به‌رۆژه‌ڤ کردنی دۆزی کورد له‌ رێگه‌ی چه‌ك ئه‌نجام دراوو ئێستا کاتی پاسیڤیزمی زاڵ به‌سه‌ر که‌شی سیاسیی کوردستان دا پارتی دادوگه‌شه‌پێدان له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی ساڵی ٢٠٠٢ دا سه‌رکه‌وتنێکی گه‌وره‌ تۆمارده‌کاو ده‌بێ به‌ پارتی ده‌سه‌ڵاتداری تورکیاو یه‌که‌م به‌ڵگه‌ی لاواز بوونی که‌مالیزم خۆ ده‌رده‌خا. واقع بینی و سیاسه‌تی ئوسوولیی بزاڤی باکوور ده‌رده‌خا. شکسته‌ سه‌ربازییه‌کانی یه‌ك له‌ دوای یه‌کی دوویه‌مین ئه‌رته‌شی گه‌وره‌ی ناتۆ له‌ به‌رانبه‌ر هێزی گریلا بۆ نموونه‌ وه‌ك: شه‌ڕی زاپ و به‌رخودانی دۆڵی بامه‌ڕنێ ئه‌و راستییه‌یان هێنائاراوه‌ که‌ڵك وه‌رگرتن له‌ شێوازو ره‌هه‌نده‌کانی دیکه‌ی خه‌باته‌و له‌و پێناوه‌شدا ئاگربڕی یه‌ك لایه‌نه‌ی به‌ر له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی تا ١ی حوزه‌یران و دواتر درێژ کردنه‌وه‌ی تا ١٥ی ته‌باخ نموونه‌ی هه‌وڵه‌کانی PKK له‌و پێناوه‌ دان. ئه‌و شێوه‌ خه‌باته‌ فره‌ره‌هه‌نده‌ی بزاڤی باکوور کاریگه‌ریی راسته‌وخۆی له‌ سه‌ر بزاڤی قانوونی نێوخۆی وڵات و کورده‌کانی دیاسپۆرا داناوه‌و له‌ ئاکامدا به‌هێز بوونی باڵی لێگاڵی بزووتنه‌وه‌ی کوردی لێ که‌وتۆته‌وه‌. وڵامده‌ر نه‌بوونی تاکتیکه‌ کلاسیکه‌کانی پێشوو وای کردوه‌ که‌ تورکیا هێور بۆ چاره‌سه‌ری هه‌نگاو هه‌ڵێنێ، به‌ڵام ئایا به‌راستی تورکیا خوازیاری چاره‌سه‌ری یه‌کجاریی پرسی کورده‌ ئایا ده‌وڵه‌تی AKP ده‌توانێ چاره‌سه‌ری دێموکراتیك وه‌دی بێنێ؟ لێدوانه‌کانی کاربه‌ده‌ستانی کورد سه‌باره‌ت به‌داننان به‌وه‌ که‌:" کێشه‌ی کورد، کێشه‌ی هه‌ره‌ گرینگی نێوخۆی وڵاتی تورکیایه‌"، چه‌نده‌ یارمه‌تیده‌ری چاره‌سه‌ری دێموکراتیکی پرسی کورد له‌و وڵاته‌ ده‌بێ؟ هه‌ر چه‌ند وڵامدانه‌وه‌ی ئه‌و پرسیارانه‌ تاراده‌یه‌ك دژواره‌. به‌ڵام ئه‌وه‌ی راستی بێ، په‌ره‌سه‌ندنی بزاڤی شوناسخوازانه‌ و به‌رێکخستن کردنی پوتانسیه‌لی ئینسانی شارنشین له‌ لایه‌ن بزاڤی باکوور و لێك گرێدراویی راسته‌و خۆی هه‌ر دووباڵی بزاڤ (باڵی چه‌کدارو باڵی لیگاڵ) ئه‌و باوه‌ره‌ لای مرۆڤی کورد ساز ده‌کا که‌ شاخ ته‌کمیلکه‌ره‌وه‌ی شاره‌و هه‌ر هه‌وڵێك بۆ چه‌کدانانی PKK گه‌له‌کۆمه‌یه‌کی دیکه‌یه‌ ده‌رحه‌قی به‌ بزاڤی شوناسخوازانه‌ی کورد له‌ باکووری وڵاته‌. سه‌رنجدان به‌ لێدوانه‌کانی سه‌رکرده‌کانی PKK وه‌ك جه‌میل بایك و موراد قه‌ره‌یلان ئه‌و راستیه‌ ده‌رده‌خا که‌ PKK گۆڕاوه‌و به‌ره‌و ئاشتی و چاره‌سه‌ری دێموکراتیك هه‌نگاوی هه‌ڵێناوه‌، به‌ڵام ئایا ده‌سه‌ڵاتدارانی تورکیش ئاماده‌ن به‌و چه‌شنه‌ و له‌و روانگه‌یه‌وه‌ سه‌یری دۆزی کورد بکه‌ن و هه‌نگاو بۆچاره‌سه‌ری هه‌ڵگرن؟

# فلاش به‌ك -flash back

ره‌حیم فه‌رهمه‌ند

حه‌ڤده‌ ساڵمه‌، دایکم قه‌رتاڵه‌یه‌کی سپی پلاستیکی داوه‌ته‌ ده‌ستم ناردویمه‌ لای بابم که‌ برۆمه‌ بازاڕو پێداویستییه‌کانی خوارده‌مه‌نی بێنمه‌وه‌ ماڵێ. له‌ گه‌ڕه‌کی ئه‌رمه‌نیان، به‌رانبه‌ری ده‌رگای ماڵمان ماڵی سمایلی شه‌ریف زاده‌یه‌. بزه‌ جوانه‌کانی هه‌ر له‌به‌ر چاومه‌ . بیست متر ئه‌ولاتر داده‌کشێم. ماڵی موعه‌ینیه‌کانه‌.

سوله‌یمانم دێته‌ به‌رچاو به‌ قژی چه‌ور کراوی به‌ره‌و پشته‌وه‌ ساف داهێندراو . باریک و بڵیند وسه‌ر به‌رز به‌ره‌و ماڵی ئه‌حمه‌د توفیق ٣٠- ٤٠ میتر ئه‌ولاتر هه‌ڵده‌کشێ.

عه‌بدوڵلا دێته‌ به‌رچاوم. بۆرو قژکاڵی ده‌بینم.

"خانه "م زۆر جوانتر له‌ بیره‌. داخم له‌ به‌ر ئه‌وه‌یکه‌ به‌ ته‌مه‌ن بڕێک لێک نیزیک تر بووین . به‌ کۆته‌ برێک شۆڕه‌که‌یه‌وه‌ خێرا، نه‌ک وه‌کوو" سوله‌یمان "به‌ کاوه‌ خۆ، کۆڵانه‌که‌مان ده‌بڕێ و ون ده‌بێ . کز و ده‌موچاو زیپکاوی چاوم لێ ده‌کا.

" نه‌وید " به‌ ده‌نگێکی تۆزێک گنی له‌ قه‌دو قه‌لافه‌تی زل تر خه‌ریکی تۆپێنه‌. برێک خوارتر ژنه‌کانی ماڵی کاک غه‌نی ده‌ڕواننه‌ قیژه‌ وهه‌رای تۆپێنی مه‌.

ڕۆژێکم دێته‌وه‌ بیر که‌ " سووره‌یا " مردبوو. دوایی" ڕه‌عنا " ی خڕپلانه‌ی چاو ژاپۆنی دونیای تاڵی بۆ من و زۆر که‌سی تر به‌ جێ هێشت.

هێشتاش بیر له‌وه‌ ده‌که‌مه‌وه‌، ئه‌و هه‌مووه‌ هه‌ڵکه‌وتووه‌ بۆچی له‌و بنه‌ماڵه‌ داو له‌و گه‌ڕه‌که‌، فه‌وتان و ئه‌و گه‌له‌یان له‌ به‌رهه‌مى ژیانی خێرومه‌ندانه‌ی خۆیان بێ به‌ش کرد؟

ڕۆژێکم دێته‌وه‌ بیر که‌" میرزا عه‌بدوڵلای موعه‌ینی" پاڵتۆکه‌ی به‌ سه‌ر شانی دا دابوو، له‌ کاتێکا ئه‌و هه‌مووه‌ جه‌ماوه‌ره‌ی پشت سه‌ری، ده‌گریان، بۆ خۆی وه‌ک ئه‌وه‌ی هه‌ر شینی کوڕی ئه‌ویش نه‌بی، سه‌ر به‌رز و ڕاشکاوانه‌ وه‌ پێش جه‌ماوه‌ره‌ به‌ هه‌زاران که‌سه‌ که‌وتووه‌و به‌ره‌و سه‌ر قه‌بران ڕێ ده‌پێوێ!

***

قه‌رتاڵه‌که‌م به‌ده‌سته‌وه‌ بوو که‌ به‌و بیرانه‌وه‌ گه‌یشتمه‌ چوار چرای مزگه‌وتی عه‌باس ئاغا. ته‌رمێک که‌ دیار بوو چه‌ند ڕۆژێکه‌ له‌ کا دا ڕاگیراوه‌ و هێشتا گه‌ڵێک پووش و کای به‌ سه‌ر که‌وا پانتۆڵ و ده‌م و چاوه‌یه‌تی، به‌ گوریسێک له‌ نێردیوانێک به‌سترابۆوه‌ و به‌ دار تێلی پشت به‌ بێهداری هه‌ڵپه‌سێردرابوو .

ده‌یانگوت مه‌لاشیرێژه‌. فارسه‌کان ده‌یانکوت " مراد شیرێژ ". ده‌یانگوت پێشمه‌رگه‌ بووه‌. به‌ر له‌وه‌ پێشمه‌رگه‌م نه‌دیبوو . قاچاخچیم دیبوو. بابی دۆسته‌کانی نێزیکم قاچاخچی بوون. له‌ پشت مه‌دره‌سه‌ی " بزرگمهر " له‌ گۆڕه‌پانی پێش کانی مام قه‌نبه‌ران زۆر جار ئێستری به‌ گولله‌ی ژه‌نده‌رمان( ژاندارم) تۆپیو و پارچه‌ و چایی و پووڵه‌که‌ی جلی کوردی په‌رش و بڵاو به‌ سه‌ر خاک و خۆڵی ده‌شته‌که‌م دیبوو، که‌ خاوه‌ نه‌کانی بۆ ده‌رباس کردنی گیانیان جێ یان هێشتبوو. ئێسترو ئه‌سپم دیبوو که‌ به‌ گولله‌ کون کون کرابوون و هه‌ڵمسا بوون. به‌ڵام نه‌م ده‌زانی پێشمه‌رگه‌ چۆنن و نه‌م دیبوون. نه‌م ده‌مزانی سمایلی شه‌ریفزاده‌ و ته‌نانه‌ت سوله‌یمانی موعه‌ینی سیاسین به‌ڵام ده‌مزانی له‌ خه‌ڵکی ئاسایی نه‌ده‌چوون.

له‌ چوارچرا ڕه‌ق ڕاوه‌ستابووم و چاوم ده‌ ته‌رمی کا و خۆڵاویی مه‌لاشیرێژ بڕیبوو که‌ کورده‌ پیاوێکی باریک و پشتوێن ته‌سک ده‌نگی دام ": کوڕم بڕۆ، بۆ ڕاوه‌ستاوی!

که‌وتمه‌ بیری " ته‌سبیت " هه‌ر ئه‌و جێگه‌ی قوه‌و باتری کۆنی ژانده‌رمه‌ریمان له‌ که‌لاوه‌که‌ی دا کۆده‌کرده‌وه‌و ده‌مان برده‌وه‌ ماڵێ، تا بیکه‌ینه‌ چراقوه‌و شه‌وانه‌ له‌ ناو کوچه‌و کۆڵان و حه‌وش تا دره‌نگانێک، تاریکایی شه‌وی پێ روون که‌ینه‌وه‌. هه‌ر ئه‌و شوێنه‌ی ته‌رمی سوله‌یمانی موعه‌ینی له‌ سه‌ر نێردیوان (پێجه‌) به‌ ته‌ناف به‌سترابۆوه‌و نیزیک درگای حه‌وش درێژ کرابوو که‌ خه‌ڵک بێن و بۆ عیبره‌ت ببینن.

ئه‌وده‌م ١٧ سالان بووم، ئێستا ٥٨ ساڵمه‌.٤١ ساڵ له‌و ده‌م تێ په‌ڕ بووه‌. به‌ڵام له‌و ده‌مه‌وه‌ تا ئێستا هه‌ر ته‌رمی کورده‌ ده‌بینم و هه‌ر داخ و ده‌ردو حه‌سره‌ته‌ له‌ سه‌ر دڵم کۆ ده‌بێته‌وه‌.

***

نه‌ورۆزی ٥٩ بوو؟ جه‌معیه‌تی کورده‌کانی تارانیان خستبووه‌ به‌ر په‌لامارو هه‌ر که‌سه‌ی به‌ لایه‌ک دا بڵاو ببووینه‌وه‌. بۆ نه‌ورۆز چوومه‌وه‌ مه‌هاباد. چه‌ند ڕۆژی پێ نه‌چوو که‌ شه‌ڕ ده‌ستی پێ کردو شار گه‌مارۆ درا. هێزه‌کانی ئه‌رته‌ش له‌سه‌ر داشامه‌جیده‌وه‌ به‌تانکی چیفته‌ن و خۆمپاره‌ هاوێژ شاره‌که‌یان ده‌کوتا. له‌ سه‌ره‌وه‌ به‌ دووربین ده‌یان ڕوانیه‌ کوچه‌و کۆڵان و له‌ هه‌ر کۆڵانێک که‌سێک هاتوچۆی کردبایه‌ به‌ خۆمپاره‌ دایان ده‌گرت. ٣٢ که‌س ژن و پیاو و منداڵ بووین که‌ له‌ ژێر زه‌ویه‌که‌ی ماڵی کاک خدری سیمبان په‌نامان گرتبوو. بوومه‌ نوێنه‌ری چه‌ند گه‌ڕه‌ک و له‌گه‌ڵ سێ ، چوار که‌سی دیکه‌ ته‌رمی خه‌ڵکی گه‌ره‌که‌کانی وه‌به‌ر خۆمپاره‌ که‌وتوومان کۆ ده‌کرده‌وه‌و ده‌مان ناشتن.

***

له‌ تاران بووم که‌ ٢٠٠ دێیان له‌ مه‌هاباد دابڕی و خستیانه‌ سه‌ر میاندواو. له‌ تاران بووم که‌ قه‌ڵاتان وه‌ک "سه‌برا " له‌ فه‌له‌ستین، و "می لای " له‌ "، وییه‌تنام قه‌ڵاچۆ کراو شه‌ڵاڵی خوێن بوو. له‌ باکۆ بووم که‌ ئه‌نفال و هه‌له‌بجه‌ ڕووی دا.

ئێستاش له‌تاران، له‌ ماڵی خۆمان له‌ به‌ر تلویزیۆن دانیشتووم و هه‌ر وه‌ک ٤٠ ساڵی ڕابوردو هه‌ر ته‌رمی شه‌هیدانه‌ که‌ ده‌بینم و هه‌ر وێنه‌ی ڕۆڵه‌کانی له‌ده‌ست چوون که‌ باس له‌ بوێرو و بلیمه‌تییان ده‌کرێ.

# دیکتاتۆری لە بەرگی دێموکراسیدا

حەسەن شێخانی

بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێرانیان بایکوت کرد. ئەم هەڵوێستە لە سەر هەر لێکدانەوەیەك بنیات نرابێ بە گوێرەی چەمکی پلۆرالیزم و بەفەرمی ناسینی بۆچوونە جیاوازەکان لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیك دا جێی رێز و تێگەیشتنە.

لێرەدا نامانەوێ هۆکارەکانی وەڵام نەدانەوەی خەڵك بە لایەنگەلی خوازیاری بایکوت و بەشداریی بەربڵاویان لە هەڵبژاردنەکان دا شرۆڤە بکەین، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە تیشك بخەینە سەر روانگەی ئەو لایەنانەی کە هەڵوێستی بایکوتی پاسیڤیان گرتەبەرو هەڵوێست و بۆچوونی جیاواز لە خۆیان "تخطئه" کرد و بەم شێوەیە جەوهەری توتالیتاریستی خۆیان زیاتر لە هەمیشە بۆ بژاردەکانی کۆمەڵگەو خەڵکی کوردستان بەگشتی دەرخست.

سەرەتا پێناسەیەکی کورت لە توتالیتاریزم دەخەینە روو پاشان بە پێی ئەم پێناسەیە دیسکۆرسی لایەنەکانی جێی ئاماژە هەڵدەسەنگێنین.

توتالیتاریزم ئایدۆلۆژیایەکە کە بانگەشەی بێ کەم و کووڕی و گشتگیر بوون دەکاو هەموو تاکەکان بۆ قبوولی ئەم جیهانبینییە بانگهێشت دەکا. ئەم ئایدۆلۆژیایە لە سەر هاوچەشنی و یەك فۆرمیی بیروبۆچوونەکان پێ دادەگرێ و خوازیاری ئەوەیە کە مرۆڤەکان بۆ پرسە ئاڵۆزەکانیش لەو رێگەچارە سادەو ئامادانەی کە پێشنیاریان دەکا پێڕەوی بکەن. هەرکەس و لایەنێك بۆچوونێکی جیاوازی هەبێ بە لاڕێدا چووەو بە دوژمن دەژمێردرێ یان لانی کەم ترساوەو فریوی دوژمنی خواردووە. لە هەر دوو حاڵەتیشدا دژایەتی کردنی ئەو لایەنانە وەك پێویستییەك لە قەڵەم دەدرێ.

ئەگەر چاوێك بە ئەدبیات و گوتاری بەشێك لەو لایەنانەی کە هەڵوێستی بایکوتیان گرتە بەر بخشێنن لەگەڵ ئەم دەستەواژەو دەربڕینانە بەرەوروو دەبین: ئەو رووناکبیرو لایەنانەی هەڵبژاردنەکانیان بایکوت نەکرد رووناکبیرو رێکخراوی رەسەن نین یا بە جۆرێك سەریان بەرێژیمەوە بەندە، گوێ لە مستن و سەربەخۆیی سیاسییان نیە، ئاوێکی ناپاکیان بەسەر ویست و خەباتی چەندین ساڵەیان دا کردو ئەمەش دەمخوار کردنەوەیە بەرانبەر نەتەوە بندەستەکان، ئاسۆی سیاسییان ون کردوەو باوەریان بە خەبات نەماوە، وەکوو نغرۆ بوویەك دێنە بەر چاو کە بۆ رزگار کردنی خۆیان دەست بۆ هەر پووش و پلاشێك دەبەن و تەنانەت لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیشدا هەر بینەرێك بۆچوونی جیاوازی هەبایە بێ ئەم لاوئەولا بەجێبەجێ کاری فەرمانی رێژیم و مۆرەی دوژمن لە قەڵەم دەدرا. لە روانگەی ئەوانەوە بایکوت نەکردنی هەڵبژاردنەکان بە مانای وەلانانی پاسیڤیزم نیە بەڵکوو وەك پەنا بردنە ژێر عەبای وەلی فەقیە سەیر دەکرێ. لە کاتێکدا رۆژانە چەندین هەواڵ سەبارەت بە گیران و گوشار هێنان بۆ سەرچالاکانی نێوخۆیی لە تەلەفزیۆنەکانیان دا بە مەبەستی پرۆپاگەندەو مانۆری حیزبی بڵاو دەکرێتەوە بەڵام بەپێی لوژیکی باسکراو هەر ئەو چالاکانەی نێوخۆیی کە هەڵبژاردنەکانیان بایکوت نەکرد سەر بە رێژیم لە قەڵەم دران. بە سەرنجدان بەو دەربرینانەی سەرەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە شایانی ئاماژە پێکردنن:

١ـ بە فەرمی ناسین و رێزگرتن لە جیاوازییەکان بەردی بناغەی دێموکراسییە. سیستمێك دێموکراتیکە کە بە چاوی رێزەوە لە بۆچوونە جیاوازەکان بروانێ. گرینگیی ئەم باسە لێرەدایە کە هیچ هێزو لایەنێك تەنیا بە دژایەتی کردنی رێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ هەڵگری پێناسە و تایبەتمەندیی دێموکراتیك بێ. لە سەر ئەم بنەمایە پارت و هێزگەلێك کە نەتوانن لە نێو خۆیان دا جیاوازییەکان قبوول بکەن و کەشێکی لەبار بۆ دیالۆگ لە نێوان را جیاوازەکان و ئەندامانیان دا پێك بێنن قەت ناتوانن لە دەرەوەی خۆیاندا جیاوازییەکان قبووڵ بکەن و بکەونە دیالۆگەوە. ئەمە رێسایەکی کۆمەڵناسییە، کەسانێك کە لە پێکهاتەیەکی سانترالیستی نا دێموکراتیك دا بۆ ماوەیەکی درێژ مابنەوەو پەروەردە بووبن قەت ناتوانن مامەڵەیەکی لۆژیکی و دێموکراتیکیان لەگەڵ کۆمەڵگەو بژاردەکان و رێکخراوەکانی هەبێ. دیسکۆرسی ئەو لایەنانەی کە هەر هەڵوێستێك بێجگە لە بایکوت کردن چەواشە دەکەن و لایەنگرانی بەستراوە بە رێژیم لە قەڵەم دەدەن رەنگدانەوەی ئەو دۆخە نێوخۆییە تەشکیلاتییەیە کە باسی لێوە کرا.

٢ـ دێموکراسی بەر لەوەی کە شێوەی حکوومەت یا بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە بێ، شێوەو پارادیمی ژیانە. بەم پێیە بۆچوونی بیرمەندانێکی وەکوو "یورگن هابرماس" کە پەروەردەکردنی مرۆڤی دێموکراتیك وەك سەرەتا و پێویستییەك بۆ حکوومەتێکی دێموکراتیك لە قەڵم دەدەن واتایەکی گرینگی هەیە. پەروەردەی نا دێموکراتیك و غەیرە پلۆرال بە گەورەترین کۆسپ لە بەردەم دەسەلاتێکی دێموکراتیك، ژیانێکی ئاشتیخوازانە و بەدوور لە توندوتیژی بەئەژمار دێ. ئەگەر (بەتایبەت) بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆن پەروەردە، پێکهاتەو دیسکۆرسی هەنووکەیان دێموکراتیزە نەکەن شیمانە دەکرێ پێوەندی نێوان پارتەکان لە قۆناغی دەسەڵاتدارێتی دا بە پرۆسەیەکی ناسەقامگیرو توندو تیژدا تێپەر بێ.

٣ـ پارادۆکسێکی ئەخلاقی گەورەیە کە لایەنەکانی جێی ئاماژە لە قۆناغی بەر دەسەلاتدارێتیدا لایەنگرانی هەڵوێستی جیاواز لە خۆیان سەر بە دوژمن لە قەڵەم دەدەن و تاقەتی بیستنی رای جیاوازیان لە نێوخۆو دەرەوەی پێکهاتەی خۆیان دا نیە بەڵام لە داگیرکەرانی کوردستان دەخوازن بە شێوەیەکی دێموکراتیك لەگەڵ خەڵك مامەڵە بکەن و تەواوی پێخۆری پرۆپاگەندەیان لەسەر چییەتی نادێموکراتیکی دەسەڵاتی هەنووکەیی ئێران ساغ بۆتەوە.

٤) دێموکراسی هەڵسوکەوت کردنی مرۆڤگەلی بەهێزو خاوەن ئیرادەیە لەگەڵ یەکتر. ئەم مەسەلەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین بە شێوەیەکی لۆژیکی و بە دیالۆگ لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە مامەڵە نەکەن و بێ لەبەرچاو گرتنی خواست و روانگەکانیان هەڵوێستی یەکلایەنە دەربکەن و چاوەڕوانی ئەوەش بن کە خەڵك پێڕەوییان لێ بکەن لەگەڵ پرەنسیپەکانی دێموکراسی یەك ناگرێتەوە. هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرکۆماری نیشانیدا کە چاوەڕوانییەکی ئەوتۆ تا چ رادەیەك دوور لە واقیعەو لەلایەن خەڵکیشەوە وەڵامی پۆزەتیڤی پێنادرێتەوە.

لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە هۆی چوونە سەری ئاستی خوێندەواری و وشیاریی گشتیی خەڵك و ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابورییانەی کە تێیدا هاتۆتە ئاراوە، چەشنێك دینامیزم و فرەیی مەیل و بۆچوون بەدی دەکرێ و هێزو تەوژمگەلی هزری، سیاسی و... جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە. سروشتییە کە لەم کۆمەڵگەیەدا ئیمکانی سەپاندنی هەڵوێستی یەکلایەنەی هێزگەلێك کە بریارەکانیان پشت بە خوێندنەوەیەکی زانستییانەو بنەمایەکی پتەوی تێوریك نابەستێ لاواز دەبێ.

هەڵسوکەوتی سەپێنەرانە لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیەو دەرکردنی بەیاننامەگەلێکی یەکلایەنەو بەم پێیەش زەوت کردنی مافی بریاردان لە خەڵك وەك سووکایەتی کردن و بە کەم گرتنی عەقڵیەتی کۆمەڵگە بە ئەژمار دێ و لە مێنتالیتەیەکی کلاسیکی نادێموکراتیك و نەخوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێ و بەم هۆیەش لەلایەن خەڵکەوە وەڵامی نیگەتیڤی پێ دەدرێتەوە.

٥) ئەوە پێویستییەکی خەباتی گەلی کوردە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو هێزە سیاسییەکانی پێکەوە کۆ ببنەوەو هێزو تواناکانیان یەك بخەن یان لانی کەم هاوکاری و هاوئاهەنگی دروست بکەن. جیاوازیی بۆچوون و هەڵوێست لەسەر دیاردەی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری نیشانی دا کە لانی کەم بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆن توانای هەرسکردنی ئەم مەسەلەیان نیەو لە ئەدەبیات و گوتاری سیاسییاندا تەواوییەتی هێزگەلی خاوەن هەڵوێستی جیاواز دەبەنە ژێر پرسیارو روخساریان رەش و ناشیرین دەکەن. راگەیاندراوەکانیان بە شێوەیەك دادەرێژن کە بچووکترین حیسابێك بۆ پێوەندییەکانی رابردووو بە تایبەت داهاتوویان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بەدی ناکرێ. بێگومان ئەم مەسەلەیە بە گرینگترین کۆسپی سەر رێگەی پێکەوە هەڵکردن، دانوستان و دروست بوونی هەر چەشنە هاوکارییەك بە ئەژمار دێ.

**ئەنجام:**

ئەلف) پێش مەرجی دێموکرات بوونی هەر هێزو لایەنێك ئەوەیە کە فرەچەشنی و جیاوازی بە فەرمی بناسێ و پرەنسیپەکانی دێموکراسی لە رەفتارو هەڵسەکەوت و هەڵوێست گرتنی دا رەنگ بداتەوە. ئازادیخواز بوون بە بێ هەڵسوکەوتێکی لۆژیکی و دوولایەنە لەگەڵ کۆمەڵگە لە دروشمێکی بێ نێوەرۆك زیاتر نیە. چونکە لە سیستمێکی دێموکراتیك دا پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ لە ئارا دایەو هاوکێشەکانی "حاکم ـ مەحکووم"، "حاکم ـ رەعیەت" و "شوان ـ مێگەل" رەد کراونەوە. تەنیا عەقلیەتێکی نادێموکراتیکە کە خۆی بە عەقڵی گشتی دەزانێ و بە ناوی کۆمەڵگەو لە جێگەی ئەو بیر دەکاتەوەو بەم پێیە کۆمەڵگە بە ملکەچی و پێرەوی کردنی کوێرکوێرانە ئەرکدار دەکا.

ب) بە هۆی گەشە کردن و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە، پارتەکان ناتوانن وەکوو دەیەکانی رابردوو لەگەڵ خەڵك هەڵسوکەوت بکەن و بۆچوونی خۆیان بسەپێنن. ئەگەر پارتەکان خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە نەگونجێنن زیاتر لە کۆمەڵگە دادەبرێن و بەرەو ئیزۆلە بوونی زیاتر هەنگاو دەنێن.

ج) پلورالیزمی سیاسی بریتییە لە فرەیی ئەکتەرەکان، کێبەرکێ و پێکەوە هەڵکردنی ئاشتییانەی ئەوان لەگەڵ یەکتر. ئەم پرەنسیپەیە کە دەبێتە هۆی کرانەوەی سیستم و زۆربوونی دانوستانەکانی ئاراستە کراو بە هاوکاریی زیاتر لە نێوان ئەکتەرەکاندا. بەبێ چەسپاندن و بە دەزگاییکردنی پرەنسیپی ناوبراو باس کردن لە دێموکراسی و دروست کردنی هاوکاریی نێوان حیزبەکان لە درووشم و بانگەشەیەکی بێ نێوەرۆك زیاتر نیە.

> **ئازادیخواز بوون بە بێ هەڵسوکەوتێکی لۆژیکی و دوولایەنە لەگەڵ کۆمەڵگە لە دروشمێکی بێ نێوەرۆك زیاتر نیە. چونکە لە سیستمێکی دێموکراتیك دا پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ لە ئارا دایەو هاوکێشەکانی "حاکم ـ مەحکووم"، "حاکم ـ رەعیەت" و "شوان ـ مێگەل" رەد کراونەوە**

دریژەی

# فلاش بەك

تائێستا هەر شەهیدم دیوە، هەر تەرمی خوشک و برایانم دیوە، هەر وێنەی شەهیدانە لە سەر شاشەی تلویزیۆنەکان بەریز ڕیژە دەرۆن. هەموو ڕۆژێ ئەم سرودە دەبیسمەوە کە " ئەی ڕەقیب" هەر ماوە قەومی کورد زمان ".

***

زۆر بە ئاواتم کە کوردستانەکەم بێ کێشە بێ !

لە ماوەی ئەم چل ویەک ساڵەدا نەم دیوە کیژو کوڕی وڵاتەکەم دوور لە بیری شەهیدان، لە ولاتێکی بێ کێشە، لە وڵاتێکی ئازادو ئاوەدان، بە بێ چەک، بە دەستە گوڵەوە بەرەو جێ ژوان بڕۆن. حەسانەوەم وەبیر نایە. بەس نییە ؟ مەودام بدەن، تۆزقاڵێ تەسکینم دەوێ!

کوردی کۆڵنەدەر لە ماوەی ئەم دەیان ساڵە دا، قەت لە خەبات نەوەستاوە. بەڵام هەر شەهید بوون و وێرانی و دەربەدەری وتەرکە وەتەنی و... بەشی ئێمە بووەو حەسەن بۆتە ڕێبەرو حوسێن بۆتە سەرکۆمار. داخ و کەسەرەکەیشی بۆ ئێمە ماوەتەوە.

***

( وتیان وشتر مزگێنی بێ کوڕێکت بووە. وتی چ جیاوازی یەکی بۆ من هەیە؟ خۆ ئەو بارەی لە منە هەر لەخۆمە.)

ساڵی ١٣٨٨ە. سەر دەمی هەڵبژاردنە، سەرۆک کۆمار هەڵ دەبژێرن. هەڵبژاردنی ئەم جارەش وەک ٣٠ ساڵی ڕابوردوو. بێ زیادو کەمی داوخوازەکان کەوتۆتە ڕێ. هێندێک مەجبوور، هێندێک لالووت، هێندێک شاگەشکە لە سەرکەوتن و بردنەوە، دەچنە سەر سندووق. تا ئەوەیکە ئێمە کەوتینە خۆ. وتمان خۆ هەر وانابێ. هەر من هەوڵ بدەم و ماندوو بم و ئەوی تر بەرهەمەکەی بەرێ! هەر من داینێم و ئەوانی تر بە لای خۆیانی داکێشن! هەر من غار دەم و وەشاخان کەوم و نان و خوێ بخۆم و ئەوانی تر شار بگرنەوە.هەر ئەو سواربێ و من پیادە. برادەرانمان لێک کۆ کردەوە. وتمان با چیتر دەست بۆ ئەم و ئەو درێژ نەکەین. با بڕیک دڵنیایی مان بە خۆمان هەبێ. کۆبووینەوە. داواکانمان گەڵاڵە کرد. کێش و قورسایی خومان لێک دایەوە. وتمان ئێمەش وەک ئەوانی تر ژن و پیاوی بلیمەت و هێژامان هەیە. پیاوی وامان هەیە کە دەتوانن وەک سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە، مافی هەموان بپارێزن ووڵاتەکەمان بەڕێوە بەرن. کەوایە با کەس دەستنیشان کەین و پشتیوانی لێ بکەین و بێینە مەیدانی کێ بەرکێی هەڵبژاردن. ڕۆژنامەکانیش مەبەست و بڕیاری ئێمە یان ڕاگەیاند. بەڵام برایانی! خۆمان لێیان لە هەلا داین! چۆن شتی وا دەبێ؟ ئێوە تەجزیە تەڵەب و جیاییخوازن.

***

هۆرە هەر لە خۆمان بوو . هەڵی قەڵەشین و بووینە دوو کوت . لێمان جیا بوونەوە . کەم هێزیان کردین. نا نا. دوژمن نا، برایانی خۆمان ! هیچ دوژمنێک نەهاتە بەرەنگاریمان . کەس هەڕەشەی لێ نەکردین . برایانی خۆمان نەبێ.

ناچار دیسان چووینەوە سەر دۆخی جاران . چووین بزانین ئەوانی تر شتێکمان دەدەنێ؟!

شەرتمان دانا . یەکێکیان شەرتەکەی ئێمەی سەلماند . بۆمان لە بانگەواز دا. نەک هەر بۆ ئەو. بۆ ئەوەیکە: یەک: هەنگاوێک بەرەو یەک دەنگی هەڵێنین . تەنانەت ئەگەر لە سەر شتێکی کەم بایەخیش بێ. کە لامان وابوو بایەخیشی هەیە. دوو: کێیش و قورسایی خۆمان دیاری بکەین. سێ: تەمرینێکی دیپلۆماسیمان کردبێ. و زۆر دەسکەوتی تر.

وتمان: دەستم بگرە ، دەستت دەگرم، بە دوو دەستی هیوا و ئەوین، بۆ ئینسان بوون ، بۆ مانادان بە بوون و ژین.

زۆر خوشک و برا لێمان تێ گەیشتن . دەستیان داینە دەست . بووینە زۆر.

زۆرمان دەنگ کۆ کردەوە . بەڵام دەنگەکان لە ڕێگا دا ون بوون ! ؟ دەنگ نەما بەڵام شوێنەواری هەوڵی ئێمە لە مێژوودا ماوەو دەمێنێتەوە.

ئێستا سەعات چواری سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێ شەمە ٢٦ ی جۆزەردانە. خەڵک لە شارە گەورەکان هاتوونەتە سەر شەقام و داوای دەنگەکانی ونبوویان دەکەن. ٣٠ – ٤٠ سەعاتێکە نەخەوتووم. خەوم هەر لێ ناکەوێ. بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێمە لە کوێین؟ بۆ دەنگ و ڕەنگمان دیار نییە ؟ تۆ بڵێی ئێستاش دوو بەرەکایەتی و چەند دەنگی وەک ملۆزمێک، لە سەر ڕێ مان داچەقیوە ؟

بە چاوی خۆمان دەبینین کە تەرمی داوخوازەکانمان بە لاڕی دا دەبەن. بەڵام لەبەر بێ دەنگی هەواڵان و ترس لە "لە هەڵادانی " خۆماڵی، هەروەک ڕابوردو لەسەر کۆڵان و شەقامان دەڕوانینە کاروانی ماڵی زاوا کە چۆن بووکی هیوامان دەبەنە ماڵی خۆیان .

بیر لە وە دەکەمەوە تۆ بڵێی بتوانین لێ یان وەرگرینەوە؟

***

ماوەیەکە ڕاچەنیوم. حەجمینم نییە. بیر لەوە دەکەمەوە، کەی دەبینە خاوەن دەنگ و خاوەن کەس و خاوەن وەزن و یەک زمانی ؟

کەی لە جیاتی وەدواکەوتن، وەپێش دەکەوین؟ کەی دەبینە ڕێ پیشاندەر؟ کەی هەوساری ئەسپی مرادی خۆمان دەگرینە دەست؟ کەی بەشدار دەبین؟

# با مەنتیقی سیاسی بەسەر رقەبەری و ململانێی ناسالم دا زاڵ بێ

مستەفا مەعرووفی

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەی ڕۆژانی ٢٣ تا ٢٥ی بانەمەڕ دا پەسند کراوێکی لە ژێر ناوی **"لە بارەی پێویستیی هەبوونی پێوەندیی سالم و دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا"** بڵاو کردەوە. لە بەشێکی ئەو پەسندکراوەی کۆمیتەی ناوەندی دا هاتبوو کە: "حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژە لەسەر پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پێی داگرتوەو، لەم پێوەندییە دا لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێك درێغی نەکردوە. کۆمیتەی ناوەندی جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەو هەوڵانە دادەگرێتەوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەبوونی هاوکاری و هاوخەباتی و پێوەندیی سالم لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا زەرەرو زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندوەو درێژە کێشانی ئەم وەزعە هەڕەشە لە داهاتووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێوەندیی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکان دەکا." ئەو پەسندکراوە هەروەها دەڵێ:" کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەن کە ئەوان دەتوانن ببنە بناغەی ڕێککەوتن و بەبێ خستنە پەراوێزی هیچ لایەنێك بیانکەن بە بنەمای ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە."

لەو پەسندکراوە دا بەشێکی تایبەت تەرخان کراوە بۆ لایەنی بەرامبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان. پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندی لەو بەشە دا وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر ئەو هەوڵانەی بەمەبەستی پێکهێنانی پێوەندیی سالم و بەدوور لە کردەوەی ناشارستانیانەو هەوڵدان بۆ مودارا لەگەڵ یەکتر داونی، دەڵێ:" کۆمیتەی ناوەندی ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەو هەوڵانەی لە رابردوو دا حیزبی دێموکراتی کوردستان داونی بەجێ و کاریگەر بوون، بەڵام دەبێ لە داهاتوو دا هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی پێوەندی-یەکی سالم و دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان دا زیاترو جیددیتر بکەین." هەروەها دەڵێ:" کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی مێژووی هاوبەش، بەرنامەو سیاسەتی لە زۆر بوار دا لێك نزیك، سەمبول و هێمای هاوبەش لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، پێکهێنانی پێوەندییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەو حیزبە لەپێش هەر حیزبێکی دیکە دا بە پێویست دەزانێ.". ئەم پەسند کراوە وێڕای ئاماژە بە ئامادەیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ دانیشتن و دیالۆگ لەگەل لایەنی بەرامبەر، هاوکاری و هەماهەنگی لە بەڕێوەبردنی یادی ٢٠ ساڵەی شەهادەتی د. قاسملووی نەمرو کاری جۆراوجۆر لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەم یادە بە دەسپێکێکی باش دەزانێ.

ئەمانەو زۆر ڕێگاچارەی دیکە کە بە مەبەستی هەنگاونان بۆ پێوەندیی سالم و دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا لە پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندا دا هاتبوون، نەك هەر لە لایەن هاوڕێیانی پێشوومانەوە پێشوازییان لێ نەکراوە، بەڵکوو پێچەوانەکەی بینرا.

هەڵوێستی جیای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا، بیانووی بۆ لایەنی بەرامبەر پێك هێنا کە وەك زۆر جاری دیکە، ڕاگەیاندنی خۆی تەرخان بکا بۆ هێرش کردنەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان. لایەنی بەرامبەر بەپێی لیکدانەوەی خۆی ـ کە ئەگەر باوەڕمان بە دێموکراسی هەبێ، شتێکی سروشتییەو پێوەندیی بەخۆیانەوە هەیە ـ ئەم هەڵبژاردنەی تەحریم کردبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش پێی وابوو دەبێ ئەم هەڵبژاردنە بکرێ بە مەیدانی ململانێی نێوان خەڵك و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بکرێ بە دەرفەتێك بۆ هێنانە گۆڕی ویست و داخوازەکانی خەڵك، بە تایبەتی کە بۆ یەکەمجار بوو مەسەلە نەتەوایەتی‌یەکان و مافە مەدەنی و ئایینی‌یەکان لە بەرنامەی دوو کاندیدای ڕیفۆرمخواز دا هاتبوون.

ڕاگەیەنەکانی لایەنی بەرامبەر و ئەندامانی ڕێبەرییان لە جیاتی باسکردن و شیکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی خۆیان و هۆیەکانی تەحریم کردنی هەڵبژاردن بۆ خەڵك، دەستیان کرد بە هێرشێکی تەبلیغیی تێکەڵ بە سووکایەتی و بوختان ناوو ناتۆرەی سەیرو سەمەرە لە، دژی حیزبی دێموکرات کوردستان. هەروابزانە قەت لە حیزبی دێموکراتی دا نەبوون و نەیانبیستوە کە حیزبی دێموکرات هەمیشە تاکتیکی جۆراوجۆی لە پێوەندی لەگەل هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی دا هەبووە. حیزبی دێموکرات جاری وابووە بەشدار بووە، وەك یەکەم دەورەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای میللی کە نزیکەی ٨٠ لەسەدی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی هێنایەوە، هەڵبژاردنی یەکەم دەورەی سەرکۆماری لە پێش داو پاشان گۆڕینی هەڵوێست لە ئاکامی لابردنی کاندیداتۆریی مەسعوود ڕەجەوی‌دا، هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان کە د. قاسملووی نەمر لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا یەکەم دەنگی هێنایەوە، هەڵبژاردنی شووراکان، هەروەها جاری وابووە بەشداریی مەرجداری پێشنیار کردوە و بە خەڵکی گوتراوە کە تا دەکرێ نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و ئەگەر ناچارن بچن دەنگەکانیان سپی بن یان دروشمیان تێدا بنووسن. زۆر جاریش هەڵبژاردنەکان تەحریم کراون. لایەنی بەرامبەر لە هەموویان دا بەشداربووە. ئێستا چۆنە وێڕای بێحورمەتی و ناوو ناتۆرەی ناڕەوا ئیددیعا دەکەن کە ئەوانەی خەڵك هان دەدەن لە دەنگدان دا بەشدار بن تەمەنی ڕێژیم درێژ دەکەنەوە؟ ئەوە جگە لەوەی بە سەرنجدان بە هەڵوێستەکانی رابردوو تاوانبار کردنی خۆشیانە، لە نەبوونی وشیاریی سیاسی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ. لایەنی بەرامبەر ناکرێ نەزانێ کە دەسەڵاتدارانی ئەسڵیی ڕێژیم ئەوانەن کە هەڵنابژێردرێن و ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکانیش ئۆرگانە ئینتیخابی‌یەکان نین. کێشەو ململانێی نێو ڕێژیم زیاتر لە هەڵبژاردنەکان دا دەردەکەون و تەنانەت قووڵتر دەبنەوەو لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا خەڵك زۆر بەباشی توانیویانە بیانکەن بە مەیدانی هێنانەگۆڕی ویست و داخوازەکانیان.

ئەوکاتانەی خەڵك هەڵبژاردنەکانی تەحریم کردوە نەك تەمەنی ئەو ڕێژیمەیان کورت نەکردۆتەوە بەڵکوو مەیدانیان بۆ چۆل کردوە مۆرەی هەرە موخلیس و توندڕۆی خۆی دابنێ. ئەوەش بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێك کەس، ڕێژیمی توندو تۆڵترو یەکپارچە تر کردوە.

پاشان ئیددیعا دەکەن بە بەشداریکردن مەشرووعیەت دەدەن بە ڕێژیم. هەر لە جێدا ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه وەك ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە بۆ خۆیان ئیدیعا دەکەن مەشرووعیەتی ئیلاهیی هەیەو مەشرووعییەت لە خەڵکی وەرناگرێ. بەپێی ئەو مەنتیقە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ٣٠ ساڵە لەسەر کارە لە هەڵبژاردنەکان دا تەمەنی درێژکراوەتەوەو مەشرووعییەتی پێ دراوە. ئەو مەنتیقە راست خەباتی ئازادیخوازانەو دیموکراسیخوازانەی ئێمە لە ٣٠ ساڵی رابردوو دا دەخاتە ژێر پرسیار. پاشان ئەوان کە لە رابردوو دا چەند جار لەگەل هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی دا بوون، مەشرووعییەتیان بەم ڕێژیمە داوەو تەمەنیان درێژ کردۆتەوە؟

لایەنی بەرامبەر کە پێی وایە بەشداری لە هەڵبژاردن دا مەشرووعیەت دانە بە ڕێژیم کەوابوو دەبێ پێیان وابێ ئەم جار کە نزیکەی ٨٥ لەسەدی خەڵك بەشدار بوو، ئەو ڕێژیمە مەشرووعیەتی ٨٥ لەسەدیی هەیە! لە حاڵێك دا بەشداریی بێ وێنەی خەڵك لەو هەڵبژاردنە دا ئیمکانی لە مەشرووعیەت خستنی زیاتری کۆماری ئیسلامیی پێك هێنا.

سەبارەت بەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان رای گەیاندبوو کە بەیاننامەی ئاغای کەڕوبی هێندێك شتی موسبەتی بە قازانجی نەتەوە بندەستەکان و یەك لەوان کوردو کەمایەتی‌یە ئایینی-یەکان و... تێدایە، لایەنی بەرامبەر هێرشیان کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و گوتیان کاندیداکان هەموویان یەك شتن و فەرقیان نیەو لێرەش دا دەستیان بە قسەی ناڕەواو بوختان کرد. لە حاڵێك دا کاندیداکان فەرقیان هەبووو دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکەش کاندیداکان سەلماندیان کە فەرقیان هەیە.

لە پاش لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لایەنی بەرامبەر هەموو ئیمکاناتە تەبلیغی و تەشکیلاتی‌یەکانی لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسیج کردوەو ئەوەندە لەو دژایەتیکردنەدا چۆتە پێش کە زۆر جار دوژمنی سەرەکیی لەبیر کردوە. تەنانەت هەڵوێستە سیاسی‌یەکانی لە ژێر کاریگەریی ئەو رقەدا دەگرێ و هەوڵ دەدا هەڵوێست و بیرو بۆچوونە سیاسی‌یەکانی وەك ئی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەچن. هەر بۆیەش بەردەوام تووشی هەڵەی سیاسی دەبن و بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە لە ڕاگەیەنەکانیان دا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەن لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیم دا بەشدار مەبن و تەماشاچی بن، چونکە ئەگەر لەو راپەرینە دا بەشداربن واتایەکەی ئەوەیە کە دانیان بە بەشداریی بەرینی خەڵك لە دەنگدان دا ناوەو ئەوەش بە پێچەوانەی سیاسەتی تەحریمە!

ئەو رقە لەحیزبی دێموکراتی کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دا تووشی چەند هەڵەی دیکە کردن بۆ وێنە پاش هەڵبژاردن بەهۆی ئەوەی تەحریمیان کردبوو دەبووا ڕابگەیەنن کە:" جگە لە ژمارەیەك جاش و پاسدار و بەکرێگیراوی ڕێژیم" خەڵك بەشدار نەبووە. سەیر ئەوەیە کاتێك ئەوە ژمارەیە لە ئاکامی کوودیتای قۆڵی پاوانخوازی ڕێژیم دا هاتنە سەر شەقامەکان و ئەو راپەڕینە بە شکۆیەیان وەڕێ خست، قۆڵی پاوانخواز رای گەیاند ژمارەیەك "خس و خاشاك" (پووش و پەڵاش) خەریکی گێرە شێوێنین. هەڵەیەکی دیکەی ئەو لایەنە ئەوەیە لە حاڵێکدا قۆڵی پاوانخواز کە زەندەقی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران چووەو بە هەموو شێوەیەك دەیەوێ پاشەکشە بەخەڵکی بکاو دەماڵێیان بکاتەوە، رادەگەیەنێ، نابێ خەڵك لەو خۆپێشاندانانە دا بەشدار بن بیانوویەکەش ئەوەیە کە ئەوە شەڕی دەسەڵاتە!! بەڵام دیتمان سەرەڕای میلیتاریزە بوونی کوردستان لە ناوەندی سێ ئوستانی کوردستان دا، کرماشان،سنەو ورمێ خۆپێشاندانی بەرین بەڕێوە چوو. سەیر ئەوەیە ساڵی ١٣٥٧ـ ڕێبەرانی حیزب زۆر پێش ئایەتوڵلا خومەینی هاتنەوە نێو خەڵك و خۆپێشاندانەکانیان لە کوردستان ڕێك دەخست و تەماشاچی نەبوون. هیچ کات هێزە کوردی‌یەکان لەبەرامبەر هیچ ڕووداوێکی ئێران دا تەماشاچی و پاسیڤ نەبوون، تەنانەت لە بەرامبەر ڕووداوە سرووشتی‌یەکانیش دا. هەمیشە هەوڵەکە ئەوە بووە ببن بە بەشێك لە موعادلەکان. تەماشاچیەتی لە نەبوونی هێزو نفووزەوە سەرچاوە دەگرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان ناتوانێ تەماشا چی بێ، کۆمەڵانی خەڵك هەم چاوەڕوانییان لێی هەیە و هەم لێی قبووڵ ناکەن. هەر لەبەر ئەم هۆیەش هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی تەحریم نەکرد.

داخوا بەراستی وەختی ئەوە نەهاتوە هاوڕێیانی پێشوومان دەست لەو رقە بێمانایە هەڵ بگرن و مەنتقێکی سیاسی بگرنە بەر؟ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە داخوا چ سوودێکی بۆ وان هەبووە تا درێژەی بدەن؟ ئێستا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو مەیدانەکان دا چالاك و ئەکتیڤە و ڕاستی‌یەکان بۆ هەموو لایەك روون بوونەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، ئێستا کە هەلومەرجی نوێی ئێران، هاوکاری و لێك نزیك بوونەوەی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی کردوە بە پێویستی‌یەکی بەپەلە، پێکهێنانی جەوێکی ئاوا قوڕاو سوودی نیەو دەبێ لاپەڕێکی دیکە هەڵ بدرێتەوە...

سڕینەوەی جەوێکی ئاوا ناسالم بەر لە هەموو شتێك و پاشان لەو هەلومەرجە ناسکەی ئەمڕۆ دا پێکهێنانی پێوەندی‌یەکی دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتیی هێزو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر کاتێکی دیکە پێویستترەو چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستانیش هەر ئەمەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان جارێکی دیکەش پێ لەسەر ئەم پێویستی‌یە دادەگرێتەوەو ئامادەی هەرچەشنە هەنگاوێکە لەو پێناوە دا.

**لەو هەلومەرجە ناسکەی ئەمڕۆ دا پێکهێنانی پێوەندی‌یەکی دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتیی هێزو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر کاتێکی دیکە پێویستترەو چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستانیش هەر ئەمەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان جارێکی دیکەش پێ لەسەر ئەم پێویستی‌یە دادەگرێتەوەو ئامادەی هەرچەشنە هەنگاوێکە لەو پێناوە دا**

# پەنابەرێتی، دیاردەیەکی جیهانی

## بە بۆنەی رۆژی جیهانیی پەنابەرانەوە

کوێستان فتوحی

٢٠ی ژوئەن رۆژی جیهانیی پەنابەرانە. پەنابەر ئەو کەسەیە بە هۆی رووداوێکی سروشتی، گرفتێکی ئابووری یا لەبەر هۆکارێکی سیاسی ژیان و گیانی دەکەوێتەبەر هەڕەشە و را دەکا و نیشتمانی خۆی بەجێ دێڵێ و روو لە شوێنێکی دیکە دەکا بە نیازی ژیانێکی ئارام و بەدوور لە کێشەو دڵەخورپە. دیارە زۆر هۆکار هەن کە مرۆڤەکان نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن و روو لە وڵاتانی دیکە دەکەن. وەك هەژاری، بێکاری، شەڕ، نەبوونی ئەمنییەتی گیانی، پێشێل کرانی ماف و ئازادییەکان و نارەزایەتیی لە قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکان و ...

لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ماددەی ١٤ دا نووسراوە : هەر کەسێك مافی هەیە بە هۆی ئەوەی هەڕەشە، راوەدوونان، شکەنجە وئازاری لەسەرە نیشتمانی خۆی بەجێ بێڵێ و لە وڵاتانی دیکە داوای پەنابەری بکا.

یەکێك لە مەسەلە هەرە گرنگەکانی دنیای ئەمڕۆ مەسەلەی پەنابەری و کۆچ کردنی مرۆڤەکانە. کۆچ کردن لە تەوای مێژووی مرۆڤایەتی دا هەر هەبووە. لە دەورانە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤەکاندا کۆچ و گەڕان بە دوای ئیمکاناتی زیاتری ژیان و خۆپاراستن لە رووداوە سروشتییەکان هەبووە. دیارە ئێستاش ئەو جۆرە کۆچکردنانە هەن. زۆرن ئەو کەسانەی دەگەڕێن بەدوای ژیانی خۆشتر و ئیمکاناتی زیاتردا. بەڵام هەموو ئەو کۆچکردنانە هەر بۆ ئەوە نین. زۆرن ئەو کەسانەی لە باری ئیمکاناتی ژیانەوە لە هەلومەرجێکی باش دا دەژین. بەڵام دیسانیش نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن و روو لە وڵاتانی دیکە دەکەن.

ئەمڕۆ بە میلیۆنان پەنابەر و ئاوارە لە سەراسەری جیهاندا ژیان بەسەر دەبەن.

بە پێی ئامارەکان نزیکەی ٢٠٠ ملیون پەنابەر لە سەرانسەری جیهان دا هەن و لە زیاتر لە ١٠٠ وڵات دا دەژین. ٧٥٪ی ئەوان ژنان و منداڵانن. لە هێندێك وڵاتدا ٩٠٪ی پەنابەران ژنان و منداڵانن و بە میلیونان بنەماڵەی پەنابەر هەن کە لە لایەن ژنانەوە سەرپەرستی دەکرێن.

ئایا هەموو ئەو وڵاتانەی پەنای ئەو کەسانە دەدەن کە نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن ، بە قانوونە نێونەتەوەییەکانی مافی پەنابەری پابەندن؟ گیرو گرفتی پەنابەری لە رابردوودا لە نێو هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی راکردوانیان پەناداوە، بەپێی کولتوور و باوەری خۆیان هەر هەبووە و کەم و زۆر هەوڵی چارەسەریان دراوە. مەسەلەی پەنابەر لە جیهاندا گرنگییەکی زۆری پەیدا کردوە. یەکێك لە مەسەلە گرنگە نێونەتەوەییەکان، مافی پەنابەرانە. بنیات و رێکخراوە نێونەتەوەییە جیهانییەکان، زۆر زیاتر لە رابردوو یارمەتی پەنابەران دەکەن و لە ئاستیاندا هەست بە بەرپرسایەتیی زیاتر دەکەن . سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ رەچاو کردنی مافی پەنابەری، کەسانی پەنابەر لەگەڵ کۆمەڵێك گیروگرفتی فەرهەنگی رووبەروو دەبنەوە. ئەوان ئەگەر نەتوانن خۆیان لەگەڵ بەهاو نەریت و شێوە بیرکردنەوەکانی خەڵکانی ئەو وڵاتەی لێی گیرساوەتەوە، وەك شێوەی پەروەردەی منداڵ، پێوەندی هاوسەرێتی و شوغڵی، زمان و... تووشی ئاڵۆزی و ناهەمواری دەبنەوە.

وڵاتانی رۆژئاوایی، لەو ناوچانەی جیهانن کە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران روویان تێدەکەن. بەرزبوونی ئاستی ژیان، هەبوونی دەرفەتی کار و جێگیر بوونی یاسا و رێزگرتن لە مرۆڤەکان لەو وڵاتانەدا و، بوونی ئاسوودەیی و ئەمنییەت بۆ پەنابەران، لەو هۆیانەن کە لافاوی پەنابەرانیان لە دەیەکانی پێشوودا بۆ لای ئورووپا، کانادا، ئەمریکا و ئوستراليا راکێشاوە. دیارە هەرچی ژمارەی پەنابەران لەو وڵاتانەدا زیاتر بووە، رێوشوێنەکانی وەرگرتنی پەنابەران لەو وڵاتانەدا سەختتر بووە. رێژەیەکی زۆر لە کوردەکان بە هۆی ئەو نەهامەتییانەی لە رێژیمە داگیرکەر و شۆڤینیستەکانەوە تووشیان کراوە، بە هۆی شەڕی داسەپاو و رەفتاری توندوتیژی دەسەڵاتە دژ بە کوردەکان، وڵاتانی خۆیان بەجێ هێشتوە و لە وڵاتە رۆژئاواییەکان گیرساونەوە. کوردەکانی باشووری کوردستان، کوردەکانی باکوور و رۆژهەڵات لە زۆر وڵاتی دنیادا بڵاو بوونەوە. هۆکاری راکردن و بەپەنابەر بوونی زۆربەی هەرە زۆریشیان، کێشەی سیاسی، نائەمنی و شەڕ لە وڵاتەکەیان دابووە. ئێرانییەکانیش، لە نێو حەشیمەتی پەنابەردا، رێژەیەکی بەرچاویان بۆخۆیان تەرخان کردوە. بەدوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی و لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە سەدان هەزار ئێرانی، وڵاتی خۆیان بەجێ هێشت. ترس لەوە کە بە تاوانی بەستراوەیی بە رێژیمی شایەتی لە لایەن دەسەڵاتی تازەوە، سزا بدرێن، هەروەها بەرێوەچوونی رێوشوێنی وشکی مەزهەبی و زەوتکردنی زۆر ماف و ئازادیی تاکەکەس لە هۆیە سەرەکییەکانی راکردنی ئێرانییەکان بوون. شەڕی درێژخایەنی ئێران و عێراقیش، زۆر لە ئێرانییەکانی ناچار کرد بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان، روو بکەنە هەندەران. ئەفغانستانیش کە چەند دەیە لەگەڵ شەڕی نێوخۆیی و داگیرکەرانی ئەرتەشی شوورەوی و دەسەڵاتی ئیسلامییە توندڕەوەکان بەرەوروو بوو، شایەدی راکردنی زۆر لە دانیشتوانی بۆ وڵاتانی دەوروبەر بوو.

ئەگەرچی زۆربەی پەنابەران لە دوای ئەوەش کە لە وڵاتانێك گیرسانەوە ژیانێکی ناخۆش و گرفتی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام قۆناغی هەرە سەخت لە ژیانی بەشێکی زۆر لەوان دا، چۆنیەتیی گەیشتن لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ وڵاتی پەنادەرە. چۆنیەتی گەیشتنی پەنابەران لە کوردستان و وڵاتانی وەك ئەفغانستان و ئێرانەوە، بە ئورووپا، پڕە لە رووداو و کارەساتی ئینسانی. ئەوان ناچارن خۆیان بسپێرنە دەست قاچاغچییەکان و، بە شێوەی ناقانوونی مەودای نێوان وڵاتانی خۆیان و وڵاتانی رۆژئاوایی ببڕن. داستانی تێپەڕینی ئەوان بە نێو سنوورە مین رێژکراوەکان دا، پەڕینەوە لە دەریاکان بە بەلەم و، خۆحەشاردانیان لە نێو ماشێن و پاپۆری بارهەڵگردا پڕە لە رووداوی دڵتەزێن. ئەوان دەبێ لە ژیانی پڕ لە سووکایەتی و دەسبەسەریی وڵاتێکی وەك تورکیە، یا لە خۆ دەرباز کردن بە نێو گەرووی نەهەنگ و شەپۆلی دەریاکان دا، یەکیان هەڵبژێرن. ژیان و بەسەرهاتی هەر کام لەو بنەماڵە کوردە ئێرانییانەی وەك پەناخواز بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە تورکیە گیریان کردبوو، چەندین فیلم و رۆمانی خەمهێنەریان تێدەبێ. لە لایەکەوە بەردەوام لە ژێر فشاری پۆلیسی تورك دا بوون و مەترسیی گیران و تەحویلدانەوەیان لەسەر بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بە شێوەی قانوونی حەقی کارکردن، مافی کەڵکوەرگرتن لە خزمەتە جۆراوجۆرەکان کە دەوڵەت بۆ خەڵکی وڵاتی خۆی دابین کردبوو، نەیان بوو. منداڵەکانیان بێشناسنامە و لە بارودۆخێکی پڕ لە نیگەرانی و نائەمنیدا، بێبەش لە خوێندن و پێڕاگەیشتنی پزیشکی، گەورە بوون. کاتێکیش ویستیان خۆیان لە چارەنووسی نادیار رزگار بکەن، ژمارەیەکی زۆریان بە هۆی خنکان لە ئاوەکان و سەرما و رووداوی دیکە گیانیان لە دەست دا.

وەك سەرەتا گوترا، پەنابەرێتی دیاردەیەکی جیهانییە و هۆی جۆراوجۆری هەیە. ئەم دیاردەیە لەسەر ئابووری و، کولتووری نەتەوەکان و وڵاتانی جیهان کاریگەریی هەیە. پێشگیریی لە دیاردەی کۆچ و پەنابەرێتی کارێکی ئاسان نیە. چونکە سروشتی ژیان لە سەردەمی ئێستادا، پێویستی بە هێندێك لەو کۆچ و کۆچبەرانە هەیە، بەوڵام ئەگەر وڵاتانی دنیا بیانەوێ ئەم دیاردەیە کەمتر بکەنەوە و، تا رادەیەك پێش بە ئاسەوارە زیانبارەکانی بگرن، دەبێ هەوڵ بدەن هەر وڵاتێك بە نۆرەی خۆی ببێ بە شوێنێکی شیاو بۆ ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە. وڵاتانێك ئەو کاتەی ئەمنییەت و نان و ئازادیی بۆ دانیشتووانی دابین کرد، دەتوانێ چاوەڕوان بێ خەڵکەکەی بە هاسانی بەجێی نەهێڵن.




بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بەم ئیمەیلەوە بگرن:
komelayeti@hotmail.com

## سۆژنە

# دیسانەوەش پشووی هاوینی و باسەکانی!

عەلی بداغی

دیسانەوەش پشووی هاوینی و باسەکانی !

بابەتی پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی قوتابیانی ئێران لە کاتی پشووی هاوینیدا یەکێك لەو بابەتە هەرە گرینگانەیە کە بەردەوام مشتومڕی لە سەر دەکرێ و لە لایەن کارناسانی بواری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ. لە نیوەی مانگی جۆزەردان دا تاقیکارییەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی پتر لە ١٥ میلیون قوتابی کۆتایی پێ دێ و دوابەدوای ئەوە تەعتیلاتی نیزیك بە ٤ مانگەی ساڵی خوێندن دەست پێ دەکا. دیارە هەر لە جێدا ماوەی پشووی هاوینی و دوورودرێژو زۆربوونی ئەو ماوەیە یەکێك لە باسە هەستیارەکانی پەروەردەیی لە لای کارناسانی ئەم بوارەیە:

کارناسانی رەخنەگری سیستمی پەروەردەیی ئێران پێیان وایە کە تەعتیلاتی هاوینی خوێندن بۆ پێکهاتەی کشتوکاڵیی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ واقعی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران زۆر جیاوازە. لەوەها پێکهاتەیەکدا هاوینان بۆیە دەکرایە پشوو هەتا قوتابیان یارمەتیی خێزانەکانیان لە هەڵگرتنەوەی خەلەو خەرمانی ساڵانەیاندا بدەن. ئەو کارناسانە بیانووی گەرم بوونی هەوا بۆ داخستنی قوتابخانەکان لە لایەن پلانرێژانی وەزارەتی خوێندن و پەروەردەی ئێران بە شتێکی پڕو پوچ دادەنێن دەڵێن لە سەردەمی ئێستادا دابینکردنی سیستمی فێنك کەرەوە لە پۆلەکانی خوێندن دا زۆر ئاسان و گونجاوە. بە تایبەت کە ئەو تەعتیلاتە لەگەڵ جوغرافیای ناوچە جیاوازەکانی ئێران وەك یەك نایەتەوە. بۆ وێنە ئەو تەعتیلاتە لە پارێزگاکانی گەرمێنی وەك خوزستان لەگەڵ پارێزگای کوێستانیی وەك کوردستان لە یەك کات دایەو دەسپێکی خوێندنی ساڵی تازەش هەر هاوکاتە، لە کاتێکدا منداڵان دەبێ لە ناوچە کوێستانییەکاندا بوومەلێڵی بەیانی لە خەو هەستن و بە سەرماو سۆڵ و خەواڵوو بچنە قوتابخانە، بەڵام لە فێنکایی مانگی جوزەردان و هەوای سازگارو گونجاوی پووشپەڕدا دەرکی قوتابخانەکانیان لێ داخرا بێ.

ئێستا سەرەڕای ئەوەی کە ئاخۆ پشووی هاوینیی ئاوا دوورودرێژ لە سیتیمی خوێندنی ئێراندا کە بۆ خۆی بە بۆنەی جیاوازەوە پڕە لە رۆژە تەعتیلەکان، چەندە زانستییەو بە لێزانییەوە دیاری کراوە، بابەتی پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی قوتابیان و حەشیمەتی پتر لە ١٥ میلیون کەسیی ئێران یەکێکی دیکە لە باسە هەستیارو پڕ لە گەنگەشەکانی کارناسەکان و دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکانە.

ئەمڕۆکە ١٦ رێکخراو و دەزگای حکومی راستەوخۆ لە بواری پلانرێژی و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی قوتابیان و لاواندا چالاکن کە گرینگترینی ئەو دەزگایانەبریتین لە: وەزارتخانەکانی خوێندن وپەروەردە، زانست، بێهداشت، مانگی سوور، جیهادی دانشگایی، کۆمیتەی ئیمداد، رێکخراوی میللی لاوان، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، بەسیج، سازمانی تەربیەتی بەدەنی، یەکیەتیی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی قوتابیان و خوێندکاران، ناوەندە کولتوورییەکانی مزگەوتەکان و شارەوانییەکان و.. بەڵام هیچ کام لەو دامودەزگاو ناوەندانە سەرەڕای وەرگرتنی بودجەیەکی زۆر نەیانتوانیوە پلانی کردەیی بۆ دەوڵەمەندکرانی کاتە بەتاڵەکانی قوتابییان بەپێی کەسێیتی و پێداویستییەکانیان دابڕێژن و جێبەجێی بکەن. دابینکردنی ئیمکانات و پێداویستییەکان چالاکییە فیزیکی، وەرزشی، هونەری و پەروەردەیی و تەفریحییەکان دەتوانێ رەهەندێکی لانیکەمی لە ئەرکەکانی حکوومەت بێ کە تەنانەت لەم ئاستە لانیکەمییەشدا بابەتی پڕکرنەوەو دەوڵەمەند کردنی کاتی بەتاڵی قوتابیان گرینگیی ئەوتۆی پێ نەدراوە. ئەم گرنگی پێ نەدان یا داماوی لە پلانرێژیی گونجاوو ئەرك وەخۆنەگرییە جگە لە زیانەکانی دابڕاندنی قوتابیان لە کەشێکی سالم لە پێناو بوژانەوەو حەسانەوەدا پەرە بەزۆر لادان و تاوانی کۆمەڵایەتی لەو وەرزەدا دەدا. دیارە هەرکام لەو ئۆرگان و دەزگایانەی ناوبراو کۆمەڵێك چالاکی و خولی تایبەت لەو وەرزە دا بو قوتابیان دەکەنەوە بەڵام بەهۆی لەبەرچاو نەگرتنی نیازو پێداویستییە سەرەکییەکانی قوتابیان و خوێندنەوەی هەڵەیان بۆ کاتی بەتاڵ و پشوو ئەو خولانە لەلایەن قوتابیان و لاوانەوە پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێ ناکرێ.

بەڵام لە کوردستان بابەتی پشووی هاوینی کاتی بەتاڵی قوتابیان لەو وەرزەدا بابەتێکی جیاوازترە. گرفت و ئاستەنگە ئابوورییەکان، ئەم وەرزەی قوتابیانی کوردی لە کردەوەدا بە دەرفەتێك بۆ کار کردن و یارمەتیدانی بنەماڵەکان بۆ پەیدا کردن و پاشکەوت کردنی بژیوی خێزان گۆڕیوە. هەر بۆیەش پشووی هاوینی جگە لە ژمارەیەك لە منداڵانی بنەماڵە خۆش بژیوو دەوڵەمەند بۆ زۆربەی منداڵان و لاوانی کورد بریتییە لە شان وەبەردان و کارکردنی لە کوورەخانەو کارخانەکان و چوون بۆ دەسکەتەو بژارو کارکردن لە مووچەو باغ و مەزراکان و دەسگێڕی لە شەقامەکان شارەکاندا.

قوتابیان و منداڵانی کورد کە دەبوا لە کاتەکانی پشووی هاوینی دا بەپێی هۆگری و ئینتمای خۆیان وبە چالاکییە هونەری، وەرزشی و فێرکارییەکان بوار بۆ پشکووتنی توانای ئیستعدادە دەرونییەکانیان خۆش کردبا، بەکردەوە لە گۆڕەپانەکانی کارو پووکان و پڕووکانەوەداو لەرووی ناچارییەوە وزەو توناو کاتە پڕ بایەخەکانی خۆیان لە پێناو یارمەتیدانی بژیوی خێزانەکانیان دا هەزرانفروش دەکەن. ئەمەش یەکێکی دیکە لە دەرنجامەکانی سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوازیدانانی رێژیمی ئیسلامییە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان.

# چاخی ئەسکەندەری مەکدونی

و: ئاڵەشین

بەشی شەشەم

( لە سەدەی سێیەمی پ.ز) و سێ سەدە دوای ئەسکەندەر، کە بە چاخی هێلێنی بەناوبانگە درەوشاوەترین چاخی هونەری فەرهەنگی یۆنانە. یۆنان دەبێ بە لانکەی هونەرو هونەرەکەی دەگاتە رۆژهەڵات. دیارە ئەم کاریگەرییە دوولایەنە بووە. بۆ یەکەم جار هونەر دەبێتە خاوەن تایبەتمەندییەکی جیهانی.

قۆناخی هێلێنی لە لەشکرکێشییەکانی ئەسکەندەرەوە بۆ رۆژهەڵات دەست پێدەکاو لەسەرکەوتن و داگیرکارییەکانی ئەسکەندەرەوە تا جێگیربوونی دەسەڵاتی رۆم لە ئاسیای بچووك و میسر درێژە دەکێشێ (لە سەدەی سێیەمی بەر لە زایینەوە تا سەدەی یەکەمی زایینی). بە ئاوێتە بوونی شارستانییەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوا (یۆنان و رۆژهەڵاتی ناڤین) رۆژ لەگەڵ رۆژێ ئەم قۆناخە گەشە سەندووتر دەبێ.

ئەسکەندەری مەکدونی کە بۆخۆی تێکەڵاوی زانست بوو لەمپەرە سیاسییەکانی بەردەم رووبەڕوو بوونەوەی فەرهەنگەکانی هەڵگرت. دەگەیشتە هەر وڵاتێك، دوای گرتنی دەیکردە ناوەندی رێوشوێن و داب و فەرهەنگی یۆنانییەکان. زمان و ئەدەبیات - ئەندازیاری - وەرزش و دەسکەوت و رێوڕەسمە یۆنانییەکانی دیکەی دەگەڵ خۆی دەگێڕاو لە پێناوی بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانیان دا تێدەکۆشا. ئەسکەندەر بۆ یەکەم جار حکوومەتی یۆنانی کە پێشتر لەسەر شێوازی ئەیالەتی (هەرێمایەتیی) رادەپەڕا، سەربەخۆو یەکگرتوو کرد.

لەو قۆناخەدا تاکگەرێتی لە کۆت و بەندی هەموو بوارەکاندا دەردەکەوێ. نەریتە کۆن و بەردەستگرەکان کە بەر بە هەڤرکێی ئازاد دەگرن - بەتاڵ دەکرێنەوەو ئەنجومەنە توێژینەوەییەکان - کتێبخانەو موزەکان پێك دێن و کۆکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان بە شێوەیەکی رێکوپێك و بە پێی بەرنامە دەست پێدەکرێن. هونەرمەندەکان بە رزگار بوون لە زێدو نیشتمانی خۆیان لە ناوەندە فەرهەنگییە گەورەو نێونەتەوەییەکان خڕ دەبنەوە.

لە فەرهەنگ و هونەری ئەو قۆناخەدا هاوپێوەندیی جیهانی لە نێوان بیرمەندان و هونەرمەندان دا پێك دێ. مێتۆدەکانی باروك روکوکوو کلاسیکی قۆناخی هێلێنی بە دوای یەك دێنە دی. لە چاخی هێلێنی دا تئاترەکان و شوێنە وەرزشییەکان زۆر لە قۆناخی کلاسیك گەورەترن.

پاپۆڕەکان توانای هەڵگرتنی هەزاران کەسیان هەبوو. لە هۆدەو هۆڵەکانی عەرەشەی پاپۆڕەکان دا کەرەسەی ئاسوودەیی و سەرقاڵی بۆ مسافیرە بەرزپێگەکان دابین کرابوو.







تئاترەکانی ئەم قۆناخە جێی دەیان هەزار بینەریان دەبۆوە. لە زۆربەی شارەکان بینای گشتیی نوێ چێ دەکران. ئەو پەرە گرتنەی شارستانییەتی هێلێنی هاوکات لە بواری چۆنیەتیشەوە گۆڕانی بەسەر داهاتوەو هەروەها میراتی فەرهەنگی رۆژهەڵاتیش دەگرێتەوە.

ئەو لکانەی لە فەرهەنگی کلاسیکی یۆنان دا خاوەن پێگەیەکی نزمتر بوون گرینگیی سەرەکییان پێدرا. وەك تەکنیکەکان، (علوم دقیقە)، زانستە سروشتییەکان، پزیشکی، نەشتەرگەری و کشتوکاڵی بە ئاستێکی بێ وێنە دەگەن و لە بەرانبەردا زانستە کۆمەڵایەتییەکان، فەلسەفە، ئەدەبیات و تا رادەیەك هونەر دادەبەزێن. ئەم دابەزینە لە خاو بوونەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵانی خەڵك دا دەردەکەوێ. دەرکەوتنی شارەکان لە رووبەرێکی بەرین دا، گەشەی بازرگانی، دەریایی و پەرەساندنی شەڕە دەریایی و وشکانییەکان لە نێوان زلهێزەکاندا، پێویستی بە کامل بوونی تەکنیك هەیە. تەکنیکی هێلێنی نموونەگەلێکی سەیروسەمەرەی خستە روو.

لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدوونی دا دۆخی هونەرمەندەکان گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بە سەر هات. بە هاتنی فێرکارییە فەلسەفییەکان و ئەدەبییەکان بۆ کۆڕو کۆبوونەوەکانی هونەرمەندان - هەڵاواردنیان لە پیشەگەران (صنعت گران)ی ئاسایی دەستی پێ کرد. لەمە بەدوا ئیدی وەك پیشەوەرە سادەکانیان چاو لێ نەدەکرا کە بایەخی مەعنەوییان نەبوو بەڵکوو وەك هونەرمەند بوونە خاوەن پێگەیەکی بەرزو کەوتنە بەر رێزی خەڵکەوە.

دەتوانین بەمجۆرە رەوتی خەملانی هونەری یۆنان بخەینەوە سەریەك: لە سەدەی شەشەمی بەرلە زایین دا هونەر سەربەخۆ دەبێ و لە سەردەمی پێنجەمی بەر لە زایین دا (چاخی کلاسیك) بەکار هێنرا. لە سەدەی چوارەمی بەر لە زاییندا هونەری رووی لە ئاماڵ جوانی (زیبایی گەرایی) کردو لە سەدەی سێیەمیش دا (چاخی هێلێنی) و دوای ئەو سەردەمە (سەدەیەی دوویەم و یەکەمی بەر لە زایین) بە لوتکە گەیشت و لە ئاستی جیهانی دا لێك گرێ درا.

## غەزەلی خوداحافیزی

سەرەتا سیفرو فشەی شین و رەشی دەستوورت!!
کەڕەتێ عەشقی سکاڵاوی خەمێکی سوورت!!

تا سپی بوونی هەناسەی تەمەنی ئەم خەونە!
رەگەزی ماچ ئەبەخشم بە رقی ئەستوورت!!

قڕی هاتووە غەزەلی پێنج و شەشی سەرشێتیم!
خۆ دەهاوێمەوە ئامێزی گڕی تەندوورت!!

من لە پاڕانەوەکانی سەفەرا ئاوا بووم...
هەر لە باکوورەوە بۆ سەوزە چیای باشوورت!!

پێم وتی ئەم غەزەلەت پێشکەشە ناقابیلە!!
پێت وتم رۆڵە برۆ!کۆی کەوە داشقەی توورت !!!!

١٣٨٣/١٢/١٧

جەلال نەجاڕی

## کۆچی ماڵ ئاوایی
## شمشاڵێکی سەمفۆنیایی

سوارە قەڵادزەیی

گەرووت شەڵاڵی ئاوازو
دڵت مەکۆی خەمێکی دوور...!!
تاڵ تاڵی پرچی کاڵوەبووت
سووتاوی ئەندیشەی عەشقو
ڕوانینێك بوو زۆر بێسنوور...!!
هەڵدەزنای بە هەورازی
کووڕو ڕەقو نشێوو لێژ...
هاتوچوونی بێ کۆڵدانت...
لەلات بووە نوێژێکی دوور...
نوێژێکی درێژ...؟!
دڵێکی گەورەو پڕ رەهەند...
سرك وەك دڵی بەرخۆلە
ناسك وەك تێڕامانی کار...!!
بۆ بەهارو شینگای شەهید پرسەی ئەوین...
ئاوازی رەسەنت بۆ "کورد"
چەپك دەکرد ... پڕ... لە گریانو
پێکەنین...
سادەوساکار...
رۆژت ئەخزاندە باوەشی
شەوانی درێژ بێ کۆتایی...

٢

لەگەڵ کەروێشکەی گەنم و جۆ
تریقانەوەی دەمی سەوا...
شریخەی هەوری بەهاراندا
گەشەت دەکرد... دەژیایتەوە
لە ژێر نەوای کەپەنکی شان
دوای تێتوڕاندن لە قەتار
لاوك و حەیران
بە ئارەزووی دڵی ئەوین...
ڕادەکشای... دەحەسایتەوە...
گەرووت پڕ دەکرد لە نۆتە
چەپکە هەڵبەست
وەك جوانترین دیاری هەستت
بۆ گراوی هەورانت
بە تاڵە داویدڵ دەبەست...!!

٣

پنجك بە پنجکی لاڕێ
لە دووت دەخشان... بە دواتەوە
بە ئەفسوونی ناو هەناوی شمشاڵەکەت
هەڵدەپەڕین...!!
وەك بتهوڤن شمشاڵەکەت
خۆی خستە باوەشی مێژوو
بووبە سەمفۆنیای هاوچەرخ
بووی بە "سومبول"
وەك شا کارەکتەری شانۆ...
مۆزاردی ئاواز و موزیك...
بۆ نۆتە و ریتمی خۆماڵی
بوویت بە تاکە بڕبڕە...
لە لووتکەدا ماڵ ئاواییت
لە هەوار کرد... قالەمەڕە...؟!

٤

شمشاڵەکەت فێرگەی عەشق و دڵداری بوو
هەوری پڕگەواڵەی سۆزو
خوناوگەی سەرلێوی ئەوین...!!
خەندە و بزەی دەمی جێژوان
گڕو پووشوی دەم بڵێسەی
رزگاری بوو...
پێگەمەی ساتی ... ڕامووسان ...!!
سەری سپیت لێوان لێو بوو...
لە خۆشەویستیی وڵاتی
بەفرو خوێن
پڕ سروتی ... ئاتەشکەدەی
ناو زیکری دەم ... ئاڤێستا بووی
شمشاڵەکەت لە ناو دڵی پیرو جوان،
"ئازیزە"ی ئۆخژنی رازو
بۆ قەتماغەی زامی برین
ئاسوودە بوون و "هەتوان" بووی ...!!
ئاونگی سەر پەلکی گوڵ و
هەناسەی گەرمی دوای ژووان و راماموسان بووی
...!!

"٥"

تۆ وێڵی خۆزەگەی تۆمارێك
قەتیس ماوی عەشقی تەکیەکەی "هێمن" بووی
تێکەڵاو بە رۆحی "مەحوی"
"لالش"ی قیبلەی شمشاڵ و
مرۆڤدۆستێکی شەرمن بووی
لە سەر ژێی کەمانی پەنجەت
چەندین رووداوی خوێناویت
بە فووی بلوێر
کردە گەرووی بەستەو حەیران...
چەند داستانی رزگاریت ... تۆمار کردو
کردتە دیاری بۆ کوردستان ...!!
ئێستا ئەو دڵە گەورەی تۆ ...
نوستووی باوەشی "بۆکان"ەو
"ناڵەشکێنە" هەواریەتی...
"زیرەك" دەیلاوێنێتەوە...!!
ئەگەرکرا یۆ پاداشتی رێزلێنانت ...
بۆ ئەو هەموو ماندوبوونەی
بەخشیت بۆ سەروەریی
ژیانت
بەرهەمی دەست و پەنجەو
شمشاڵەکەت ... بیری پاکت
کەپەنکی سەردەمی شوانی و
گۆچانەکەت
لە مۆزەخانەی کلتووری کوردایەتی و شارستانی
هەڵبواسین ...
بۆ تۆو ئەوانی ئایندە
ببێتە سەرمایەو دیاری

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. ٥١٢ ٢٠ June ٢٠٠٩

مالپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: ٨ - MHZ: ١١٦٠٤ -
Polarization: Horizental - S R: ٢٧٥٠٠ - FEC: ٥/٦
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: ٠٠ ٩٦٤٧٧٠١٥٩٧٢٦٨
٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat٨٢@yahoo.com

# وێبلاگنووس

### گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

## چرا نه از جنس خودم نه از جنس شما

"چرا نە از جنس خودم نە از جنس شما" ناوی وێبلاگێکە کە لە لایەن شەهابەدین شێخییەوە بۆ نووسین لە سەر بابەتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان تەرخان کراوە.

بەڕێز شێخی کە خۆی شاعیرو ڕۆژنامەنووسە خاوەن بڕوانامەی لیسانی کۆمەڵناسییەو ئێستاش خوێندکاری (کارشناسی) ارشد مطلعات زنان) ەو لە پێناسەی لاپەڕە ئینتێرنێتییەکەو روانگەو روانینەکانی خۆی دا بە جۆرێك ریئالیسم و مرۆڤدۆستی و هیومانیزم دەبینرێ و خۆی لەو کەسانەی کە لە بواری نەتەوەیی دەمارگرژن و یان بە شێوەیەکی وەهمی بیر لە ئەفسانەو نۆستالێژی رابردوویان دەکەنەوە هەڵداوێرێ و لە هەمان کاتیشدا بە روانگەیەکی ریئالیستییەوە هەست و ئیحساسی خۆی دەردەبڕێ و بیری خۆی لە هەر جۆرە کۆنەپەرستی و روانینی پیاوسالارانە سەبارەت بە ژن و کۆمەڵگە بە بێبەری دەزانێ.

وێبلاگی ناوبراو ئەگەرچی زۆر چالاکەو بەردەوام نوێ دەبێتەوە بەڵام ئەو ماوەیە بە هۆی ئاڵۆزییەکانی دوای هەڵبژاردن و ناڕەزایەتی دەربڕین دژی حکوومەت جگە لە بابەتێك لاپەڕەی وێبلاگەکەی بە تەواوی سپییە.

بەڵام کە چاوێك لە ناوی بابەتە نوێیەکانی دەکەین دەبینین زۆربەی بابەتەکانی پێوەندییان بە ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی دوای هەڵبژاردن و ئاماری هەڵبژاردن و راپۆرتی خۆپێشاندانەکان و پڕۆپاگەندەی بەر لە هەڵبژاردنی پاڵێوراوانی سەرکۆمارییەوە هەیەو لە خوار ئەوانیشەوە وتارو بابەت لەسەر دۆخی کورد رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و هەروەها بابەتە پێوەندیدارەکان بە ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا دەبینرین.

تاقە بابەتی ئێستای لاپەڕی یەکەم هەواڵێکە لە سەر خۆپێشاندانی هێمنانەی خەڵك دژی کودێتای هەڵبژاردن و چۆنییەتی تەقەی بەکرێگیراوانی رێژیم لەو خەڵکە مەدەنییەو بریندار بوونی یەك دوو کەسی بەشداربووی رێپێوانەکە.

بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم وێبلاگە، خوێنەران دەتوانن سەردانی ئەو ناونیشانە ئینتێرنێتییە بکەن:
/http://www.shahabaddin.blogfa.com

## شەجەریان جارێکی دیکە داوای لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆن کرد بەرهەمەکانی بلاو نەکەنەوە


محەمەدرەزا شەجەریان، مامۆستای گەورەی ئاوازو گۆرانیی ئێران لە نامەیەکی دا بۆ رادیۆو تەلەڤیزیۆن ناڕەزایەتیی خۆی دژی بلاو بوونەوەی بەرهەمەکانی لە دەنگ و رەنگی ئێران دەربڕی. ناوبراو وێڕای ئاماژە بەو دۆخەی کە سروودەکانی بۆ چڕیوە، دەڵێ ئەم سروودانە تایبەت بە بارودۆخی ساڵەکانی سەردەمی شۆڕش واتا ٥٧ و٥٨ وتراون و هیچ پێوەندییەکیان بە دۆخ و هەلومەرجی ئێستاوە نیەو هەروەها لە لایەکی دیکەوەش دەزگای دەنگ و رەنگ هیچ رۆڵێکیان لە بەرهەم هێنانی ئەو سروودانەدا نەبووە. بۆیە بە پێی قانوون و شەرع داوا دەکەم کە بەرهەمەکانم لە هیچ دامەزراوێکەوە بلاو نەکرێتەوە.

ناوبراو لە وتووێژێکی دا لەگەڵ بی بی سی ئاماژە بە قسەکانی ئەحمەدی نیژاد دەکا کە خەڵکی ناڕازی (خس و خاشاك) بە پووش و پەڵاش دەزانێ و دەڵێ دەنگی من دەنگی پووش و پەڵاشە، هەمیشەش بۆ پووش و پەڵاشان دەبێ و هەر جارەی دەنگی خۆم لەو دەزگەیانەوە دەبیستم شەرم دەمگرێ و لەشم دەلەرزێ.

دەبێ بوترێ سروودو گۆرانییەکانی شەجەریان لە کاتی ئاسایی دا بەم رادەیە زۆر بلاو نەدەکراوەو شەجەریانیش ئەوە یەکەم جار نیە کە داوا دەکا بەرهەمەکانی بلاو نەکرێنەوە.

## دەوڵەتی کودتامان پێ فەرمی نیە

بە دوای ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانە کە لە خولی دەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران کەوتنەوەو هێشتاش هەر بەردەوامن، وڵاتان و لایەن و رێکخراوە سیاسی و هونەری و مەدەنییەکان لە سەرانسەری جیهان راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ناڕەزایەتیی خۆیان بە خۆپێشاندان و راگەیەنراوو نامە دەربڕیوە.

لە درێژەی ئەم رەوتە دا چەندین لایەنی هونەری وەك گرووپێك هونەرمەندو نووسەری دوورخراوە، کۆمەڵێك هونەرمەندو کەسایەتیی فەرهەنگیی نێوخۆ و کۆمەڵێك سینەماکار بە راگەیەندراوو نامە ناڕەزایەتیی خۆیان دەرهەق بە گزیکاری هەڵبژاردن و سەرکوتی خەڵکی ناڕازی دەربڕی.

لە نامەی هونەرمەندان و نووسەرانی دوورخراوە دا هاتوە کە ئێمە دەوڵەتی کودێتامان پێ فەرمی نیەو سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی مەدەنی لە لایەن بەکریگیراوانی باڵی پاوانخوازەوە بە توندی مەحکووم دەکەین هەر لەم نامەیە دا پێداگری لەسەر خواستی خەڵك واتا دووپات کردنەوەی هەڵبژاردن لە ژێر چاوەدێریی رێکخراوە بێ لایەنە نێونەتەوەییەکان دا کراوە.



هەروەها لە راگەیەنراوی لایەنەکانی دیکەش دا ئاماژە بە گەورەیی و بەڕێزیی خەڵك دەکرێ و کەس بە پووش و پەڵاش نازانرێ و داوا لە هێزە ئینتزامییەکان دەکرێ پشوودرێژ بن و وێنایەکی جوامێرانەو شایانی خەڵکی ئێران پێشان بە خەڵکی جیهان بدەن و توندوتیژانەو وەحشییانە سەرکوتی خەڵك نەکەن.

**سەر چاوە: اخبار روز**




### بەر لەماڵاوایی

### بەرەو یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو

# قاسملوو رێگەت درێژەی هەیە

سامان فەقێ نەبی

٢٢پووشپەڕی ١٣٨٨ هەتاوی بیستەمین ساڵوەگەڕی تیرۆی رێبەری بلیمەت و پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەگەر بەوردی سەیری ئەم دوو دەیەی رابردوو بکەین، روونەکە سەرەڕای ٢٠ ساڵ بە سەر شەهید بوونی ئەم رێبەرە هەڵکەوتووەدا تێپەڕ بووە بەڵام کاریگەری و شوێن پێی د. قاسملوو لە مێژووی هاوچەرخی رۆهەڵاتی کوردستان تاکوو ئێستاش جێگەی نرخاندن و تێڕامانە. روانگە و روانینەکانی د. قاسملوو لە زۆر مژاردا وەك چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە ئێران و مەسەلەی دادپەروەری و مافی مرۆڤ تاکو هەنووکەش لە نێو شۆڕشگێڕانی کوردستان دا رەچاو دەکرێ کە ئەمەش بێ گومان سەلمێنەری ئەم راستییەیە کە بە مردنی قاسملوو ئامانجەکانی قاسملوو نەمردن و رێگەی ئەم رێبەرە مەزنە هەر پر رێبوارە.

رۆڵی د. قاسملوو لە نۆژەنکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و روانینەکانی بۆ بەرژەوەندی گشتی و ستراتیژی نەتەوەیی کوردو هەوڵی بی وچانی ناوبراو بۆ دۆزینەوەی دۆست و پشتیوان بۆ بزوتنەوەی کورد، مەسەلەیەکی حاشاهەلنەگرەو رەنگدانەوەی ئەم هەوڵانە تاکوو ئێستاش بەزەقی بەدیی دەکرێ. د.قاسملوو، رووناکبیرێکی شورشگێرو سیاسەتزانێکی پراگماتیست بوو کە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی ناوبراوەوە لەگەڵ زۆر چەمکی نوێ ئاشنایەتیی پەیدا کرد.

د.قاسملوو رێبەرێکی رزگاریخواز بوو کە لە توندوتیژی بێزار بووو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بە پێشنیار کردنی گەلاڵەی چارەسەری و کردنەوەی دەرگەی وتووێژو دانوستان لەگەڵ رێژیمی کۆماریی ئیسلامی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا بە فەرمی بناسرێ، بەردەوامیش تەرکیزی لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە کە بەرەنگاریی چەکدارانەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەرانبەر هێرشی داگیرکەرانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا یەکێك لە رەهەندەکانی خەباتە. تەنیا بە مەبەستی پاراستنی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر هێرشی دڕندانەی داگیرکەران و ناچار کردنی رێبەرانی رێژیم بە دانپێدانان بە مافە ئینسانییەکانی ئەم نەتەوە ژێردەستە.

بایەخە مرۆییەکان بە لای د. قاسملووە بەردەوام رێزیان لێ گیراوەو ئەگەر لە هێندێك برگەی مێژوویشدا حیزب و نەتەوە زۆرلێکراوەکەی قاسملوو ناچار بوون کە بۆ پاراستنی خۆیان پەنا بۆ چەك بەرن، ئەم دۆخە نەبووە بە هۆی ئەوەی کە پرەنسیپە مۆدێڕنەکان وەك مافی مرۆڤ و مافەکانی دیل و بەندکراوەکان لە لایەن قاسملووە لە بیر بکرێن و پێشێل بکرێن.

د. قاسملوو لە تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆیدا هەموو کات شێلگیرانە لە سەنگەری دژایەتی لەگەڵ سەرەڕۆیی و دیکتاتوریدا راوەستاوە بۆ وێنە تەنانەت ئەو کات کە لە پراگ پێتەختی چکسلواکی دەژیا، پشتیوانی لە بزاڤی دێموکراسیخوازیی لەو وڵاتە بە ئەرکی خۆی دەزانی و کاتێك کە هێزە نیزامییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت پراگ داگیر دەکەن و بزاڤی دێموکراسیخوازیی لەو وڵاتەدا سەرکوت دەکەن، د. قاسملوو ئەم کردەوەیە مەحکووم دەکاو ئەم وڵاتە جێ دەهێڵێت.

لە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازنەی کوردستانیشدا قاسملوو هەم لە گوتارو هەم لە کردەوەدا ئازادیی بیروڕاو پلۆرالیزمی برەو پێداو لەم سۆنگەیەوە تاکڕەوی و سەرەڕۆیی لە هەموو ئاستێکدا مەحکووم دەکردو بێزاریی خۆی لە دیکتاتۆریی لە هەر جۆرو شێوەیەکدا دەردەبری.

د. قاسملوو ئەوینداری ئاشتی بووو تەنانەت رێبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سروشتی ئاشتیخوازانەو ئینسانیی ناوبراو بە روونی ئاگادار بوون، هەر بۆیە لە پیلانێکی لە پێشتر دارێژراو بە ناو وتووێژێکی نهێنی رێك دەخەن و ناوبراوو هاوڕێیانی بە شێوەیەکی دژە مرۆییانە شەهید دەکەن.

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ بیستەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ئەم رێبەرە مەزنەیە، جێی خۆیەتی ئەم بۆنەیە بکەین بە نوێنگەی ئیرادەی یەکپارچەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هێنانە گۆڕی ویستەکانیان و دەربڕینی رق و بیزارییان لە تیرۆر. مانگرتنی گشتی لەو رۆژەدا رێگەیەکی هێمنانەو شارستانییە بۆ نیشاندانی رێزو ئەمەکداریی بەرانبەر بە رێبەرێکی مێژوویی کە "بۆ کورد ژیاو بۆ کورد مرد" و دووپاتکردنەوەی ئەم دروشمەیەکە رێگەی قاسملوو درێژەی هەیەو ئاوات و ئامانجەکانی هەروا زیندوون.

بێ گومان لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەم شێوەیە دەتوانن پەیامی خۆڕاگری و یەکدڵی و یەکپارچەیی ویست و ریزەکانیان دووپات بکەنەوەو بەم چەشنە لە بانگەوازێکی جەماوەرییدا سەرجەم پارت و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو راستییە ئاگادار بکەنەوە کە یەکریزی و کۆبوونەوە لە دەوری ئامانجەکانی قاسملوو مەرجی سەرەکیی ئیرادەی نەتەوەی کوردە.